# گۆڕینی وێنەی مەعشوق لە نیشتمانەوە بۆ ژن لە دیوانی
# (ئێستا کچێك نیشتمانمە_ی شێرکۆ بێکەس)دا

پ.د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد
زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی زمان/بەشی کوردیی

م.ی.ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە
زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی زمان/بەشی کوردیی

پێشەکی:
ئـەم توێژینەوەیـە، کـە لـە تێـزی دکتـۆرای توێـژەرەوە بەناونیشـانی (گۆڕینـی وێنـەی مەعشـوق لـە نیشـتمانەوە بـۆ ژن لـە دیوانـی ئێسـتا کچێـك نیشـتمانمە_ی شـێرکۆ بێکەسـدا) هەڵهێنجـراوە، بەگشـتی لـە سـنوری دوو بەشـداو بەپێـی ڕێبـازی وەسـفیی شـیکاری، ئەنجامـدراوە. بەشـی یەکەمـی توێژینەوەکـە، کـە سـێ پـار لەخۆدەگرێـت، تایبەتـە بـە شـیکردنەوەو ڕاڤەکردنـی هـەردوو ڕەهەنـدی عەشـق‌و مەعشـوق لـە ئەزموونـی شـیعریی شـاعیردا، کـە تێیـدا عەشـق لەلایـەك، ژن‌و نیشـتمانیش وەك دوو مەعشـوقی دانەبـڕاو لەلایەکـی دیکـەوە، تیشـکیان خراوەتـە سـەرو پەیوەسـت بـە نموونەکانی نـاو دیوانـە شـیعرییەکەوە، بابەتیانە پەسـنکراون.
لـە بەشـی دووەمـدا، کـردەی گۆڕینـی مەعشـوق لـە (نیشـتمانەوە بـۆ ژن) لـە دیوانـی ئێسـتا کچێـك نیشـتمانمەدا، لـە چوارچێـوەی دوو پـاردا تـەوەری سـەرەکیی بەشـەکە پێکدەهێنێـت، بـۆ ئـەوەش پاڵنـەر/ مۆتیڤـە دەروونییەکانـی پشـت ئـەو کردەیە خراونەتـەڕوو، دواتریـش دونیابینیـی شـاعیرو چۆنێتیـی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ مەعشـوقە نوێیەکەیـدا بەرجەسـتەکراون.
ئامانجـی زانسـتیی توێژینەوەکـە، دیاریکردنـی میکانیزمەکانـی گۆڕینـی مەعشـوقە لای شـاعیر وەك دیاردەیەکـی ئەدەبیـی، پاشـانیش، جێبەجێکردنـی هەنگاوەکانـی لـە چێوەیەکـی دیاریکـراودا خراونەتـەڕوو.

## ١/١ عەشق لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا

یەکێـك لـە سـەرەکیترین خەسـڵەتەکانی ئەزموونـی شـیعری شـێرکۆ بێکـەس، بابەتـی عشـق‌و خۆشەویسـتییە، تەنانـەت خوێنـەری ئاسـایی، زۆر مانـدوو نابێـت بۆئـەوەی زۆر بـە ئاسـانی ئـەم خەسـڵەتە لـە شیعرەکانی (شـێرکۆ بێکـەس)دا دیارییـکات، چونکـە ئـەم بابەتـە پایەیەکـی گرنگـەو کاریگەریـی لـە تـەواوی ئەزموونـی شـیعریی ئـەم شـاعیرەدا داگیرکـردووە.
بابەتـی (عەشـق) یەکێکـە لـەو بابەتانـەی، بەپێـی قۆنـاغ‌و تێڕوانینـی ئایینـی‌و فەلسـەفی‌و هـزری‌و جوگرافیایـی، گـۆڕانـی زۆری بەسـەردا دێـت. واتـە ڕوانگـەی جیـاواز جیـاوازی زۆر هـەن بۆئـەوەی بنەمـاکان‌و ڕێسـاکان‌و ناسـنامەکەی دیارییکـەن. عەشـق کردەیەکـی ویژدانـی‌و ڕۆحییـە، کـە مـرۆڤ لـە چوارچێـوەی باڵاتریـن وێنـەی بـوون لـە ژیانـدا هەسـتیپێدەکات، لـە زۆربـاردا دەگاتـە ئاسـتی بەپیرۆزگرتنـی ئـەو کەسـە، یاخـود ئـەو دیاردەو شـتەی، کـە وەك مەعشـوق مـرۆڤ لێـی دەڕوانێـت، چونکـە سـەرچاوەی دروسـتبوونی ئـەم عەشـقە لـە ئەنجامـی سەرسـامییەکی زۆر قووڵـە بەرامبـەر بـە مەعشـوقەکەی. لـە ڕوانگـەی ئایینـەوە عەشـق سەردەکێشـێت بـۆ دۆخـی پەرسـتن، بەتایبـەت لـەو جـۆرە عەشـقەدا، کـە سـەرچاوە ئایینییـەکان وەك عەشـقی خودایـی ناویدەنێـن.

عەشـق بەپێـی شارسـتانییەتەکانی مێـژووی مرۆڤایەتـی‌و ئایینـەکان جیـاوازەو هەریەکەیـان بەجۆرێکـی جیـاواز پلـەو ئاسـت‌و چۆنێتییەکـەی دیاریدەکـەن، بـۆ نموونـە چەمکـی عەشـق لـە فەلسـەفەی یۆنانیـی کۆنـدا زۆر جیـاوازە لـە چەمکـی عەشـق لـە فەلسـەفەی ئیسـلامدا.
عەشـق لـە ئەزموونـی شـیعری شـێرکۆ بێکەسـدا لـە پەیوەندییەکـی قووڵدایـە لەگـەڵ تێکـڕای هـزرو جیهانبینیـی ئـەو

بـۆ ژیـانو ئـازادیو نیشـتیمان، واتـە زنجیرەیەکـی پێکـەوە گرێـدراوە. ئەزموونـی خۆشەویسـتی لـە شـیعری شـێرکۆ بێکەسـدا، پەیوەندییەکـی پتـەو و ڕاسـتەوخۆی بـە ئەزموونـی ئازادییـەوە هەیـە. ئـازادی وەك پرۆژەیەکـی گـەورەی سـەرزەمینیو هاوبـەش لەنێـوان مرۆڤەکانـدا. خۆشەویسـتی لێـرەدا تەواوکـەری ئـەو ئازادییەیـە، یـان ڕەنگـە مەرجـی سـەرەکیی گەیشـتن بـەو ئازادییـە بێـت.

لـە خۆشەویسـتیدا مـرۆڤ دەتوانێـت بـاز بەسـەر حـەزو تەماحـە تایبەتییەکانـی خۆیـدا بـدات، دەتوانێـت خـۆی تێپەڕێنێـت، قازانـجو دەسـتکەوتە تایبەتییەکانـی خـۆی لەبیربـکات، خۆشەویسـتی پێکەوەبوونێکـی ناسـكو باوەشـکردنێکی پـڕ شـەوقو پـڕ ئولفەتـی ئازادانـەی مرۆڤەکانـە بەیەکتریـدا. وەك چـۆن ئـازادی شـتێك نییـە بـە ئینسـان درابێـت، بەڵکـو ئینسـان دەبێـت دروسـتیبکات، خۆشەویسـتی شـتێکە دروسـتدەکرێت، دادەڕێژرێـتو گەشـەی پێدەدرێـت، خەمـی بیرەوەریـی دەخورێـت ١.

کـردەی خۆشەویسـتی لای شـێرکۆ بێکـەس کردەیەکـی دابـڕاو نییـە لەکـۆی تێڕوانینـی ئـەو وەك شـاعیرێکی خـاوەن هـزرو هەڵوێسـت دەربـارەی کـۆی جومگـە کولتـووریو هـزریو ئایینـیو سیاسـیو کۆمەڵایەتییەکانـی نـاو کۆمەڵـگای کـوردی. ئـەو دەچێتـە خانـەی ئـەو شـاعیرانەوە، کـە خۆشەویسـتی تەنهـا کورتناکرێتـەوە لـە کردەیەکـی جەسـتەیی ڕووت لەگـەڵ ژنێکـدا، بەڵکـو خۆشەویسـتی لای ئـەو، پرسـێکی ویژدانییـەو وەڵامـە بـۆ هەمـوو ئـەو گرفتـە جەوهەرییانـەی، دەبنـە ڕێگـر لەبـەردەم بیرکردنەوەیەکـی سـەردەمیانە بـۆ خۆشەویسـتی، چونکـە ئـەم دیاردەیـە لـە ناوەنـدی ئەدەبیـدا، دەچێتـە خانـەی سەرکەشـییەوە، ئەگەرهاتـوو قۆناغـی سـەرەتایی بەجێهێشـتوو و بـووە دیاردەیەکـی ڕۆحـیو ویژدانـی لای خـودی شـاعیر «شـاعیر لـەم بـارەدا کردەیەکـی سەرکەشـیانە ئەنجـام دەدات، نـەك هەڵچـوونو سەرلێشـێواوی، چونکـە لەبارێکـی لـەو جـۆرەدا شاعیر بیردەکاتـەوەو نابێتـە شـوێن کەوتـوو و لەژێـر هیـچ فشـارێکدا چێـژی شـاعیرانەی خـۆی تێـك نـاداتو بەهیـچ جۆرێـك دەسـەڵاتو توانـای بەسـەردا نییـە، مـرۆڤ لێـرەدا تەنهـا خـۆی بیردەکاتـەوە نـەك کەسـیی تـر، هـەر خۆشـی هەسـتەکانی دەردەبڕێـت، نـەك لەپێنـاوی خۆخەڵەتاندنـدا بنووسـێت» ٢.

ئـەو دەقـە زۆرانـەی شـێرکۆ بێکـەس بـۆ خۆشەویسـتی نووسـیونی، بەئاسـانی دەتوانیـن بڵێیـن ئەنجامـی بیرکردنـەوەی خـودی شـاعیرن بەرامبـەر هەمـوو ئـەو شـتانەی خۆشەویسـتی خـۆی دەربڕیـونو هەرگیـز لـە ژێـر هیـچ فشـارێکدا شـیعری بـۆ کەسـێك، یـان شـتێك نەنووسـیوە، چونکـە ئـەو لـە بنەڕەتـدا ، کـە هەڵگـری ڕۆحێکـی یاخـی سەرکەشـانەیە، کـە هیـچ هێزێـك نەیتوانیـوە ئـەو ڕامبـکات، بەپێچەوانـەوە لەکاتـی بوونـی فشـار لەسـەری، شـێرکۆ بێکـەس ڕاشـکاوانەتر دەدوێـتو دەنووسـێت. ئـەو دەمـەی (بەعـس) وەك داگیرکەرێـك وڵات وێرانـدەکات، ئـەو وەك شـاعیرێك زۆرتـر نیشـتیمانی خۆشـدەوێت، بـەڵام ئـەو دەمـەی شۆڕشـگێڕەکان پشـت لـە پەیامـی خۆشەویسـتیی نیشـتیمان دەکـەن، شـێرکۆ بێکـەس دەبێتـە کەسـێکی تـرو بەتەواوەتـی مەعشـوقەکەی دەگـۆڕێـت بـۆ کچێـك، ئـەم دۆخـە بەتەواوەتـی لـە دیوانـی (ئێسـتا کچێـك نیشـتیمانمە) بەرجەسـتە بـووە، هـەر کاتێـك ئاییـن دەبێتـە هـۆکاری شـاردنەوەی جوانییەکانـی ژن، شـێرکۆ بێکـەس تـووڕە دەبێـتو یاخیانـە لەخـودا، خۆشەویسـتیی زۆرتـر بـۆ ژن دەردەبڕێـت.

شـێرکۆ بێکـەس تاکـە شـاعیری کـوردە، کـە زۆر بـە ڕاشـکاوی پشـت لـە مەعشـوقە کۆنەکـەی (نیشـتیمان) دەکاتو ڕوودەکاتـە مەعشـوقێکی نـوێ (کچێـك)، ئەمـە بەواتـای ئـەوە نایـەت شـێرکۆ بێکـەس پێـش دیوانـی (ئێسـتا کچێـك نیشـتیمانمە) خۆشەویسـتیی خـۆی بـۆ کچێـك دەرنەبڕیبێـت بەڵکـو بەپێچەوانـەوە شـێرکۆ بێکـەس شـاعیرێك بـوو بـۆ خۆشەویسـتیی ژن خولـقا بـوو، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە بـۆ توێژینەوەکەمـان، چۆنێتیـی گـۆڕینـی مەعشـوقی شـێرکۆ بێکەسـە لـە نیشـتیمانەوە بـۆ کچێـك.

شـێرکۆ بێکـەس بـۆ هەمـوو جوانییەکانـی ژیانـی نووسـیوەو عاشـقی جوانیـی مرۆڤایەتـی بـووە، (شـیعری شـێرکۆ گۆرانییەکـی بـەردەوامو ستایشـکردنێکی بێوچانـی جوانییەکانـی مرۆڤـە. هەمـوو شـتێك لـە شـیعری شـێرکۆدا دەژیو وەك مـرۆڤ دەینوێنێـت. نیشـتیمانی شـێرکۆ، نیشـتیمان نییـە بـە مانـا ناسیۆنالیسـتییە تەسـکەکەی، بەڵکـو هەمـوو ئـەو شـوێنو سـنورانەیە، کـە هێـزی

ژیـان دەسـتی دەگاتـێ. لـە شـیعری ئـەودا بـەردەکان، چیـاکان، باڵنـدەکان، تێکـڕا وەك ئێمـە زینـدوون، وەك ئێمـە هاواردەکـەن، دەترسـنو دەژیـنو بـۆ مانا دەگەڕێـن.

ئەگەرچـی گـۆران لـە سـەردەمی جەنگـی جیهانیـی دووەمـدا ژیـاوەو چەوسـاندنەوەی ڕژێمـی پاشـایەتی لـە عیراق بینیـوە، بەڵام وەك شـێرکۆ بێکـەس کارەسـاتە گەورەکانـی جینۆسـایدو ئەنفـالو کیمیابارانکـردنو ڕاگواسـتنی سـەردەمی دەسـەڵاتی بەعسـییەکانی نەبینیـوە، هـاوکات لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـە «(گۆران)یـش وەك (شـێرکۆ) عاشـقی ژیـان بـوو، بـەڵام گـۆران کـوڕی ڕۆژگاری کارەسـاتە گـەورەکان نەبـوو.. گرنگیـی شـێرکۆ لەوەدایـە، لـە ناوەڕاسـتی هەمـوو گەردەلـوولو کارەسـاتەکاندا ستایشـی ژیـان دەکات، ئـەو تەنیـا وابەسـتەی لادانو شـکاندنی هـەر قاڵبێکـە، کـە بووغـان گەمـارۆ دەدات، شـیعری ئـەو هیـچ نییـە، جگـە لـە بەربوونـی وزەی ناکۆتایـی ژیـان لـە زیندانـە گەورەکانـی خـۆی، شـێرکۆ لـە سیاسەتیشـدا نوێنـەری هـاواری ژیانـە، نـەوەك هـاواری ئایدۆلۆژیایـەك، یـان بەرەیـەك، ئـەو شـاعیری ڕووداوە گـەورەکانو شـتە بچووکەکانیـش بـوو»٣ .

خۆشەویسـتی بابەتێـك نییـە بـە تەنهـا ئەرکـی شـاعیر، یاخـود نووسـەرێك بێـت، بەڵکـو پرسـێکە بـە هەمـوو زەمـانو کـەسو ئاییـنو بیرکردنـەوە جیاوازەکانـەوە پەیوەسـتە، دیاردەیەکـی جیهانیـی مرۆڤانەیـەو لـە هەمـوو سـاتە وەختێکـدا ئەگـەری ڕوودانـی هەیـە، بۆیـە دەبینیـن هیـچ فەیلەسـووفو نووسـەرێك نییـە دەربـارەی ئـەم دیاردەیـە نەینووسـیبێت، چونکـە ئـەم دیاردەیـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ڕەگـو ڕیشـەی هەیـەو هەمیشـە جوڵێنـەری زۆرێـك لـە ڕووداوەکان بـووە، دەبێـت ئـەو ڕاسـتییەش ڕوونبکەینـەوە، کـە خۆشەویسـتی جۆرێکـە لـە جووڵـەی تایبـەتو بوونێکـی تایبەتـی هەیـە، بەجۆرێـك «خۆشەویسـتی بەهرەیەکـی سەرسـوڕهێنەرەو دەبێتـە هـۆکاری دروسـتکردنی کەسـایەتیی تـاك، وەك بەهـرەی هۆنینـەوەی شـیعرو گیانـی قوربانیـدانو ژەنینـی موزیـكو ئازایەتـیو زانیـاریو ڕۆڵـی سـەرکردایەتیکردن» ٤.

لەڕاسـتیدا شـێرکۆ بێکـەس یەکێکـە لـەو شـاعیرانەی، لـە بنەڕەتـەوە بـۆ خۆشەویسـتی خوڵقـاوەو ئـەم دیاردەیـە توانیویەتـی بـە تەواوەتـی کەسـایەتیی شـاعیر دروسـتبکات، خۆشەویسـتی لای شـێرکۆ بێکـەس، بەهرەیەکـی سەرسـوڕهێنەرەو لـە دەقەکانیـدا ئـەم بەهـرە سەرسـوڕهێنەرەی بەشـێوەیەکی زۆر وردو هونەرمەندانـە بەکارهێنـاوە. ئـەم دۆخـە لای شـێرکۆ بێکـەس تـا ئـەو ئاسـتە دەڕوات، کـە شـیعرو عەشـق لەیـەك جەمسـەردا بـنو یەکـتری تەواوبکـەن، واتـە لـە عەشـقەوە بـۆ شـیعرو لـە شـیعرەوە بـۆ عەشـق، تـا ئەنـدازەی ئـەوەی دەکرێـت بپرسـین، ئایـا ئـەم دوو چەمکـە واتـە (عەشـقو شـیعر) لای شـێرکۆ بێکـەس لەیەکـتری جیادەکرێنـەوە؟ بێگومـان نەخێـر، چونکـە بەتەواوەتـی ئـەم دوو چەمکـە لای شـاعیر ئاوێتـەی یەکـتری بـوون:

ناوەڕۆکی دەق لای شێرکۆ بێکەس (شیعر         عەشق) ناوەڕۆکی دەق لای شێرکۆ بێکەس

«ئاسـاییە شـیعرو عەشـق لـە یـەك جەمسـەردا بـن. عەشـق لـە فەرهەنگـی شـێرکۆدا ناوێکـی دیکـەی ئـەو پەڕینـەوە ئەفسـانەییەیە بـەرەو یەکگرتنـەوە لەگـەڵ بووندا. عەشـق وەك لـە فەرهەنگـی هەمـوو سـۆفییە گەورەکانـدا هەیـە، لـە فەرهەنگـی شێرکۆشـدا ڕێـگای وەدیهێنانـی ئـەو یەکێتـی بوونەیـە، کـە خولیـای سـۆفییەکانە. پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە، ئایا شـیعر دەتوانێـت دەرەقەتـی ئـەو فەرمانـە بێـت، کـە تەعبیرکردنـە لـە عەشـق؟

چۆن بتوانم زوێنی گەرمی ئەم ئەوینە

بە جامی حەرف بکەمە ناو شیعرەوە

واتـە تاقیکردنـەوەی یەکەمـی ئـەو چەکـە سـیحراوییە لـەوەدا دەردەکەوێـت، ئایا دەتوانێـت تەعبیـر لـەو حاڵەتـە سـیحراوییە بـکات، کـە عەشـقە. حـەرف لـە وەزیفـە شـیعرییەکەدا جامێکـە، کـە دەبێـت عەشـقو هەمـوو شـتەکانی دیـش بگرێتەخـۆی» ٥.

ئـەو عەشـقەی لـە دەقەکانـی شـێرکۆ بێکەسـدا بوونـی هەیـە، تەنها بریتـی نییـە لـەو پەیوەندییـە سـۆزدارییەی لەنێـوان (ژنو پیـاو)دا بوونـی هەیـە، بەڵکـو هەڵگـری ڕەهەنـدو تایبەتمەندێتیـی خۆیەتـی، بۆیـە دەکرێـت وەك عەشـقێکی تایبـەت بەخـودی

خۆی، واتە بە عەشقی (شێرکۆ بێکەس) ناویبهێنین، چۆن لەمێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا فەیلەسوفەکان هەریەکەیان بۆ خۆیان جۆرێك لە تێروانینی تایبەتیان بۆ عەشق هەبووەو هەر بەناوی خۆشیانەوە عەشقەکەیان ناونراوە، ئەم ڕوانینەش بۆ عەشق لای شێرکۆ بێکەس دروستو گونجاوە.

لەم ڕوانگەیەوە «شێرکۆ بێکەس وەك چۆن لە کوردبوون بێئومێد نابێت، ئاواش لە خۆشەویستی بێئومێد نابێت، لە شیعری شێرکۆدا خۆشەویستی وەك ئازادی هەمیشە ئامادەیە، هەمیشە دروستدەکرێو بەردەوام پێویستی بە پاراستنو تازەکردنەوەیە. خۆشەویستی کەی مرد، دەشێت زیندووبکرێتەوە. جارێك بە شیعرو جارێك بە شۆڕشو یاخیبوونو جارێکیش لە ڕێگای تێکەڵکردنی تەنیایی دوو ئینسانەوە بەیەکتری. لای شێرکۆ بێکەس وەك چۆن کوردبوون هێمایە بۆ دۆخێك مرۆڤ تیایدا بەدوای ئازادیدا دەگەڕێتو ڕێزی ئازادی دەگرێت، ئاواش مەرجی سەرەکی لە عەشقی ڕاستەقینەدا ڕێزگرتنی ئازادی کەسەکانە لەیەکتری، خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ هەم خۆی خۆشەویستییەکی ئازادە، هەم خۆشەویستی دوو مرۆڤیشە بۆ ئازادی» ٦.

بەم پێیە بێت خۆشەویستی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، گرێدراوە بە کوردبوونو ئازادیو ڕێزگرتنی مرۆڤەکان لە یەکتری، هەر کاتێك ئازادی بوونی نەبوو، ئەوا گەڕان بەدوای خۆشەویستیدا هیچ واتایەکی نابێت، ئەم بۆچوونە هەم لەسەر ئاستی مرۆڤ بۆ مرۆڤو مرۆڤ بۆ نەتەوەکەی ڕاستو گونجاوە، هەم شێرکۆ بێکەس بڕوای تەواوەتی بە نەمردنی خۆشەویستی هەیە، ئەو وەها دەڕوانێتە خۆشەویستی، کە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگای جۆراوجۆرەوە زیندوویبکاتەوە، هەروەك لەنێوان مرۆڤەکاندا بە ڕێزگرتن زیندوودەبێتەوەو پەرەپێدەدرێت، لەنێوان مرۆڤو نەتەوەکەشیدا، بە شۆڕشو یاخیبوون زیندوودەبێتەوە. بەکورتی، بوونی ئازادیی ڕاستەقینە، واتای بوونی خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەگەیەنێت.

ڕەهەندێکی دیکە لەبابەتی خۆشەویستی لای شێرکۆ بێکەس ئەوەیە، کە شاعیر نائومێد نابێتو هەمیشە چاوەڕوانی ئومێدە لەپێناوی ڕزگاربووندا. ئەم دۆخە کەمجار لای شاعیران بەرجەستەدەبێت، چونکە لەزۆربارادا خۆشەویستی پەلوپۆی شاعیر دەشکێنێتو تووشی نائومێدیو زۆرجاریش تووشی خۆکوشتنی دەکات.

(لە ١٩٥٠/٣/٢٥) دا شاعیری ئیتاڵی تشیزاری بافیز (cesare pavese) لە دوا لاپەڕەکانی یاداشتی ڕۆژانەی خۆیدا نووسیویەتی، من بەهۆی خۆشەویستیی بۆ ژنێك خۆم ناکوژم، بەڵام خۆم دەکوژم لەبەرئەوەی خۆشەویستی، جا هەر خۆشەویستییەك بێت ڕووتماندەکاتەوەو دڵتەنگمان دەکاتو لە ناوەڕاستی بووندا تەنهامان دەکات. دواتر ئەم شاعیرە دوای بوونی پەیوەندییەکی سۆزداریی شێواو لەگەڵ کچێکی گەنجی ئەمریکیدا، لە ژوورێکی هۆتێلێکدا لە شاری (تۆرینتۆ) لە تەمەنی (٤٢) ساڵیدا خۆی کوشت ٧.

خۆشەویستی لای شێرکۆ بێکەس، سەرەڕای گۆڕانی جۆرو ئاستەکەی، بەڵام کردەیەکی ئومێدبەخشە، بەهۆیەوە بەختەوەری دروستدەبێت، ئەو هەمیشە وێنای ئەو خۆشەویستییەی خۆی وادەکات، کە باڵایەو هۆکارێکە بۆ ڕزگاربوون لە دەست نەهامەتیو دڵتەنگیی ئەو. لەڕێی خۆشەویستییەوە بە دوای بەها باڵاکانی ناو ناخی خۆیو مرۆڤدا دەگەڕێت. شێرکۆ بێکەس لەو شاعیرانەیە، پێیوایە نابێت هەرگیز پرسیار دەربارەی شکست لە خۆشەویستیدا بکرێت، چونکە خۆشەویستی کردەیەکە بەردەوام سەرچاوەی هیوابەخشەو دەبێت وەك فریادڕەسێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەك وەك هۆکاری وێرانکردنی گیانو ناخو بیرکردنەوەو تەنانەت جەستەی مرۆڤ. ئەو وەك کردەیەکی بێ بەها سەیری خۆشەویستی ناکات، بەجۆرێك مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا ئەنجامی بدات، بەپێچەوانەوە خۆشەویستی کردەیەکی باڵایەو کاتی تایبەتو مرۆڤی تایبەتی دەوێت، تا بە گونجاویو تەواوەتی ئەنجامی بدات، کردەیەکە پەیوەستە بە بیرکردنەوەیەکی تایبەتمەند لای خودی شاعیر، کەواتە (خۆشەویستی تێرامانی مرۆڤە لە بوونی خۆی، چونکە خۆشەویستی یەکێکە لە مەرجەکانی مرۆڤبوونو شێوەیەکە لە شێوەکانی مومارەسەکردنی مرۆڤ لە خودو مانەوەی خۆیدا، بە واتای ئەوەی خوێندنەوە لە ژنو خودادا وەك

دوو مەعشوق، بەواتای ڕامانی قووڵ لە بوونو ژیریدا دێت)٨.

خۆشەویستی لای شێرکۆ بێکەس بەشێوەیەکی بەردەوام لەچوارچێوەی ئەو بەها باڵا هزریانەدا دێت، کە وەك چەکێك دژی کۆیلەبوونی مرۆڤ بەکاردێتو لە بەرانبەردا دەبێتە چەکێك بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە مەترسیدارەی، مرۆڤ بەسەر خۆیدا دەهێنێت، کاتێك ئیرادەی لەدەستدەدات. (لە بەشێکی زۆری شیعری شێرکۆدا خۆشەویستی هێزێکە دژ بە کۆیلەیەتیو دژ بە شکاندنی ئیرادەو دژ بە داماڵینی مرۆڤەکانو نیشتیمانەکانو مەسەلەکان لە شوناسی خۆیان، بەرگرییە لەو شتانەی ئەو کەسانە دەکەن بە کەس، ئەو نیشتیمانانە بە نیشتیمانو ئەو مەسەلانەش بە مەسەلە. خۆشەویستی مانای ڕێزگرتنی تایبەتمەندییەکانی یەکتری، لە تایبەتمەندێتی مەعشوقەوە بۆ تایبەتمەندێتی نیشتیمان) ٩.

شێرکۆ بێکەس زۆر بەڕوونی باس لە خاسیەتو ئەرکی شیعری خۆی دەکات، کە چۆن وەك هۆکاری سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم دایدەنێتو پێیوایە شیعر دەبێت بێدەنگ نەبێت، بەڵکو لە گەیاندنی پەیامی ئەوینو خۆشەویستیی شاعیردا، بەشداربێت. ئەمەش یەکێکی ترە لەو تایبەتمەندییانەی لە شیعری شێرکۆدا بوونێکی بەرچاوی هەیەو هەمیشە وەك گیانێکی یاخیو ناڕازی دەردەکەوێتو دەیەوێت پەیامەکەی خۆی بە جیهان بگەیەنێت.

تۆ شیعرت نەکرد بە تەیری
ناو قەفەزی زمانێکی کلۆم کراو لەسەر ئاسمان
تۆ باڵی فڕینت نەبڕی
تۆ دەنووکت نەقرتانو
تۆ مردارت نەکردەوە... وەکو کردیان
تۆ شیعر ناکەی
بە هێلکەی پیسی زمان
تۆ شیعر ناکەی بە لاکی مانای تۆپیو
بۆنی بۆگەنکردووی ڕستە بەرنادەیتە
ناو ڕۆژنامەو ناو گۆڤارو لووتی هۆڵو
لووتی دیوان!
تۆ شیعرت بووە بە تەتەر وڵاتی ئەوین تەی ئەکا
بەیانیان زوو دیاریی کازیوە وەرئەگرێو
ئێوارانیش پۆستی خۆرنشین لۆك ئەکات
تۆ شیعرت بووە بە تەتەر وڵاتی ئەوین ئەگەڕێ
لە کوێستانێ هەور ئەخاتە ناو زەرفی ساماڵەوەو
بۆ دەشتێکی گەرمەسێری دووری ئەبات
نامەی ئەم لووتکە ئەداتە دەست ئەو لووتکەو
هەموو ڕۆژێ بارانە ماچ دابەش ئەکات
تۆ شیعرت چۆتە ناو دڵی ئەم خاکەوە
بۆیە وەختێ گەنم ئەڕوێو باڵا ئەکا
لە گوڵێکدا دەنکێ وشەی

تۆی هەر تیایە

تۆ شیعرت چۆتە ناو خوێنی ئەم خاکەوە

بۆیە ئەو وەختەی کارێزی ئەتەقێتو

ئاو سەرئەکا..

لە جامێکدا قومێ شیعری تۆی هەر تیایە!

بۆ ئەم وەرزە شیعرت کردووە بە هەگبەی کۆڵەپشتو

بەوردە نان... شیعرت کردووە بە ئاوی مەتارە.١٠

شێرکۆ بێکەس لەو شیعرەدا زۆر بەڕوونی ئەرکی شیعریی خۆی بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی، کە نیشتیمانە، دیاریدەکات. ئەو لێرەدا زۆر لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە شیعری ئەو بەشدارە لە بەرهەمهێنانی هۆشیاریو بێداربوونەوە لەناو کۆمەڵگادا. تەنانەت دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە هیچ شوێنێکی نیشتیمان نییە ئەو شیعری بۆ نەنووسیبێتو لەبارەیەوە نەدوابێت، بۆیە زۆر بەئاسانی لێرەدا مەعشوقەکەی شێرکۆ بێکەس دەردەکەوێت، کە (نیشتیمان)ە.

شێرکۆ بێکەس بەردەوام دەبێت لە وێناکردنێکی باڵا بۆ عەشقی خۆی بەرامبەر بە نیشتیمانو عەشقی خۆی دەخزێنێتە ناو هەموو جێگەیەکی وڵاتەوە، ئەو لە عەشقی نیشتیماندا نەك تەنها (فەرهاد)ێك، بەڵکو پڕبووە لە (ژمارەی فەرهادەکان)، واتە عەشقی ئەو هەموو سنورەکانی تێپەڕاندووە.

تۆ ئێستە ئەوینت ئەوەندە بەداری عاشقو

ئاسکی دڵخوازو هێلانەی گۆرانیو

ژمارەی فەرهادو خۆزگەی سەوز پڕبووە

کانییەك نەماوە.... چاوێکتی تیا نەبێ

ڕێگایەك نەماوە....دەستێکتی تیا نەبێ

ئەشکەوتێ نەماوە....سەرێکتی تیا نەبێ

لاشانێك نەماوە....شانێکتی تیا نەبێ

گوڵجارێك نەماوە....ماچێکتی تیا نەبێ ١١

لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، خۆشەویستیی نیشتیمان بەجۆرێکە، خاكو مرۆڤەکان پێکەوە بتوانن وەك ئەوەی هەن، بژینو گەورەبن. ئەو لە شیعرەکانیدا ئازارو مەرگەساتەکانی کورد لەشێوەی جۆرە ئەوینێکی تایبەتیدا دەردەبڕێت، بەجۆرێك خۆشەویستیو ئەوین بوونەتە مایەی گەورەبوونی نیشتیمانو خاكو گەلەکەی، ئەوە دەخاتەڕوو، ئەوینی پڕ ئازاری مەرگو نەهامەتی، وڵات بەرەو پێشەوە دەبات، بەمەرجێك چۆك دانەدات.

«لە شیعری شێرکۆدا خۆشەویستی کوردستان، خۆشەویستی شەهیدان، خۆشەویستی منداڵانو گەنجان، خۆشەویستی خانمان، مانای پاراستنی هەموو ئەو شتانە بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت هەبنو بن. مانای ئەوەی کوردستان بتوانێت کوردستانبوونی خۆی بژی، شەهیدان بتوانن شەهیدبوونی خۆیان بژین، منداڵان بتوانن منداڵبوونی خۆیان بژین، گەنجانو ئافرەتان بتوانن گەنجبوونو ئافرەتبوونی خۆیان بژین. پاراستنی ئەم تایبەتمەندییانەش تەنها کردەیەکی تاکەکەسی نین، بەڵکو پرۆژەیەکی دەستە جەمعیو پێکەوەیینو لەم ساتەدا پێویستمان بە بونیادنانو دروستکردنی هەیە» ١٢.

تۆ ئەوینی ناو ئاگر بووی.... تا نەسووتای باڵت نەگرت
تۆ ئەوینی ناو بەفر بووی.... هەتا نەتبەست هاژەت نەکرد
تۆ ئەوینی ناو برین بووی.... هەتا نەوەریت ڕەنگت نەکرد
تۆ درەختی بەر باهۆزی کارەساتو مەرگەساتو
ڕێی نەهاتو
سەر کەنارى ئاوى ڕەش بووى
هەتا ئازار ڕاینەژەنیت
هەتا باڵندەی گومانو تەیری ترسو
تا کۆست لەسەری نەخوێندیت
چرۆت نەکرد
دەنگت نەکرد
تۆ هۆدەیەکی بێوەژن.... نیشتیمانی یەکەم ئاخو
مێرگی یەکەم گریانت بوو
تۆ کراسە قەترانیەکەی بەری دایکت
یەکەم شەوی گەشانەوەی خەمانت بوو١٣

### ٢/١ ژن وەك مەعشوق لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

وەك چۆن بەدرێژایی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس، نیشتمان وەك مەعشوق ئامادەیی هەیە، هاوکات (ژن)یش وەك ڕەگەزی بەرامبەر، هەندێکجار وەك مەعشوقو هەندێکجاریش وەك دایكو وەك شۆڕشگێرو وەك بەشێك لە مێژووی پڕ ئازاری مرۆڤایەتی، بوونێکی بەرچاوی هەیە. لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، پێگەو ڕۆڵی ژن لە ئەدەبدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت، بەجۆرێك ئەو دێت لە ڕێگەی شیعرەوە کودەتایەکی گەورە بەسەر دونیابینیی شیعریدا دەکات بەرامبەر بە ژنو لەناو کۆمەڵگادا ئەركو مافی دەگۆڕێتو یاخیدەبێت لە ناسینەوەکان بۆ ژن لە کۆمەڵگادا. ئەو یاخیبوونەی شێرکۆ بێکەس لەمبارەیەوە ئەنجامیدەدات، لەناو ئەدەبی کوردیدا دەگمەنە. ئەو هەر لە ناوو ناسنامەی خۆیەوە وەك ناوو ناسنامەیەك بۆ تێکڕای ناوو ناسنامەکانی تر لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەستپێدەکات، ئەو داوایەکی سەیر لەڕێی شیعرەکانییەوە دەخاتەڕوو، شێرکۆ بێکەس دەیەوێت ئەوە بگۆڕێت مرۆڤەکان بەناوی باوکیانەوە بناسرێنەوەو بانگبکرێن وەك فۆڕمێکی باوی (ناونان). ئەو داوادەکات وەك بنەڕەتێك بەناوی دایکییەوە ناوبنرێتو بانگبکرێت. ئەم داوایەی شاعیر نەك هەر لە ئەدەبی کوردیدا، بگرە لەناو ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتیشدا داوایەکی ناوازەیەو یاخیبوونێکی ئاشکرایە دژی ڕەوتی باوی باوکسالاریو گرنگیدان بە ڕەگەزی نێر لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەربۆیە لە دیوانی (خۆم، ئەو وەختە باڵندەم)دا، بانگەوازی ئەم یاخیبوونەی خۆی زۆر بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێت.

«شاعیر دیوانەکەی پێشکەشکردووە بە (شەفیقە سەعیدی وەستا حەسەنی وەستا مەحمودی فاتمە غەزایی) دایکی. لەدەروازەی دیوانەکەوە پێشوازی لە چەند دێرێك دەکەین، کە لە پێشکەشکردنی ئاسایی ناچنو مەبەستیان لە پشتەوەیە. خودی ئەو ناوە دوورودرێژەی دایکی، مەبەستی ئەوەی لە پشتەوەیە، کە پێمان بڵێت، ئەگەرچی سیستەمی باوکسالاری هەموومانی کرد بە کۆیلەی باوكو باوکی کرد بە خاوەنی هەموومان، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر بۆ ژن دەگەڕێتەوەو ژن سەرچاوەمانە، بۆیە لەناوی شەفیقەوە دەستپێدەکاتو بەناوی فاتیمە کۆتایی دێت، لێرەدا ئیدی ژن خۆی بنەڕەتەو هەموو

شتەکانی تر بە پیاویشەوە دەگەڕێنەوە سەر ئەو بنەڕەتە» ١٤.

ئەمڕۆ من ناوم
(شێرکۆ شەفیقە)یە
تکایە با لەم یادەدا گوڵو وشەو
بازنو موستیلەو گەردانەکانی ژیان
هەر بەو ناوەوە بانگم بکەنو لە دەفتەری
خۆشەویستی خۆشیاندا هەر بەو ناوەوە
بمخوێننەوەو بمنووسنەوە ١٥

شێرکۆ بێکەس لەمبارەیەوە زۆرتر دەڕوات، نەك تەنها هەوڵی ئەوە دەدات بەها بۆ ژن لە کۆمەڵگادا بگێڕێتەوە، بەڵکو وەك کەرەستەی یەکبوون لەگەڵ سروشتدا وێنایدەکات، پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ سروشتدا لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا پرسێکی گرنگەو پرساری قووڵی جەوهەری لەبارەی ئەو پرسەوە دەکاتو پێیوایە، ئەوەی ئەم یەکگرتنە بەرجەستەدەکات، (ژن)ە.

«پرسی گەورەش پرسی یەکگرتنەوەیە. لەم زەمینی دابڕانو لێکترازانەشدا یەکگرتنەوە لەگەڵ ئافرەتدا، وێنەیەکی بنەڕەتیو قۆناغێکی گەورەو ئەبەدی هەموو یەکگرتنەوەیەکی قووڵی جەستەییو ویژدانییە. ئافرەت لێرەدا ئەو بەشە جەوهەرییەی بوونە، کە یەکگرتنەوە لەگەڵیدا، شکاندنی دیواری جوداییە گەورەکانە، کە لەسەرەتاوە شاعیر لەگەڵیاندا ناتەبایە. ئافرەت لێرەدا وەك بەشێکی سروشت، کەرەستەی ڕکێفکردنو کۆنترۆڵکردن نییە، بەڵکو بابەتی یەکبوونەوەیە» ١٦.

من ئەم نیوە قەدەغەیە چۆن بێنمەوە
ناو لەشی خۆم؟!
من ئەم نیوە زیندانەی خۆم چۆن بشکێنم
من ئەم نیوە بێ دەنگەی خۆم
چۆن بێنمەوە ناو گەرووی خۆم؟!
من دابڕانی نیوەم لە نیوەم
من دابڕینی جەستەم لە جەستەم
بوونی نیوەم بە قامچیو نیوەکەی ترم بە قیژە
بوونی نیوەم بە زیندانو نیوەکەی ترم بە شوورە
من بوونی نیوەم بە کێردو نیوەکەی ترم بە مامر
بوونی نیوەم بە ئاگرو نیوەکەی ترم بە پشوو١٧

(شیعر ڕێگای شکاندنی دابڕانەکانە. عەشقیش هەمان ڕێگایە... عەشق لێرەدا ئەو لکە بونیادەیە، کە لەناو وەزیفەی سەرەکی دەقەکەدا مانا وەردەگرێ. واتە تەنها ئاماژە نییە بۆ شەیدایی عاشق بۆ مەعشوق، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هێنانەوەی نیوە جوداکانی وجود، بۆ کۆکردنەوەی هەموو بوون لەناو یەك بازنەدا، بۆ یەکخستنەوەی هەموو دەنگەکان لە یەك دەنگدا ١٨.

تێڕوانینی شێرکۆ بێکەس بۆ ژن، تێڕوانینێك نییە تەنها لەسەر بنەمای جەستەی ژن بونیادنرابێت، هەروەها لەو جۆرە

تێروانینەش نییە، کە لەمێژووی ئەدەبیاتدا بە خۆشەویستیی (پاك) (الشعر العزری) ناسراوە، چونکە ئەو مامەڵە لەگەڵ ژندا لەو ڕوانگە سونەتەییەوە ناکات، بەڵکو پرسەکە لای ئەو لە چوارچێوەی کردەیەکی یاخیبوونی جدیدایە دژی دابونەریتی باوو تەنانەت دژی بنەما سەپاوەکانی ئایینی ئیسلام دەربارەی ژنو پێگەکەی لە کۆمەڵگادا. لەمڕووەوە شێرکۆ بێکەس لە کۆمەڵگادا هەم وەك مرۆڤو هەم وەك شاعیریش، باجی زۆری داوە، چونکە مرۆڤو شاعیری یاخی، ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی زۆر دەبنەوە. شێرکۆ بێکەس جوانیی جەستەی ژن لەچاو جوانیی ناخو خوێندنو هۆشیاریی ژنەوە زۆر بە هەند ناگرێت، واتە لەلای ئەو، پلەی باڵای مرۆڤبوون بە ژنە هۆشیارەکان دەبەخشێت لەچاو ژنە جوانەکانداو دواجاریش ئەوە دەخاتەڕوو، هەردووکیان پێکەوە دەتوانن خۆیان لە دەست زوڵمو چەوساندنەوەی پیاو ڕزگاربکەن. «شاعیر جوانی لا مەبەست نییە، هێندەی لە هۆشی ژنو لە دنیای ناوەوەی ژن دەڕوانێ، وتاری ئێستای شاعیر، وتارێکە باس لە ناوەوەی ژن دەکاتو ڕووی دەمی لە جەستەی نییە، ئەو پێی وایە نابێ ژن جوانی بە سەرمایەی خۆی بزانێ، بەڵگەی هزرو هۆشی دەوڵەمەند بکاتو بیکات بە سەرمایەی خۆی، کە ئەوەیان تەنها سەرمایەیەکی پارێزراوەو ناکەوێتە بەر هەڕەشەی ژیانو هەمیشە سوودبەخشو چێژبەخشو ئازادی بەخشە بە مرۆڤی خاوەن ئەو سەرمایەیە» ١٩.

ژنێك هەبوو هەر خاوەنی چرایەکی جوانی لەش بوو
ژنێکی دی هەبوو، جوان نەبوو، هەر خاوەنی
چرای عەقڵێکی گەش گەش بوو
کە یەکە کەوتە گەڵاریزانو ناو تەمتومان،
تەمەن تاریکی کرد....چراکەش کوژایەوە
دووەمیان ئەویش گەیشتە گەڵاڕێزان
بەڵام چرای نەکوژایەوە
دووەمیان دەستی یەکەمی
لە تاریکیدا گرت
هەر لەبەر ئەو چرایەشدا....
بەیەکەوە
بەهاری ڕابردووی خۆیان ئەخوێندەوە ٢٠

خۆشەویستی لای شێرکۆ بێکەس بەتەنها کردەیەکی تاکەکەسیو جەستەیی چێژبەخش نییە، چونکە ئەو لەو شاعیرانەیە، کە بەریەککەوتنی دوو ڕەگەزی جیاواز (نێرو مێ) بە کردەیەکی چێژدار دادەنێت. (ئەوانەی لە خۆشەویستییەکەیاندا تەنها جوانی دەبینەنو دوای جوانیی خۆشەویستەکەیان دەکەون، ناکرێت ئەمانە لە خانەی عاشقەکان دابنرێن، بەڵکو ئەمانە تەنها چێژ وەرگرەکانن، هەربۆیە دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەو کەسانەی تەنها دوای جوانیی جەستە دەکەون، لەگەڵ ئەوانەی لەڕوانگەی بیرییەوە مامەڵە لەگەڵ بەرامبەردا دەکەن)٢١.

شێرکۆ بێکەس لەپاڵ پێدانی ئەو بەها باڵایانە بۆ بابەتی ژنو عەشقو پێگەی ژن، وازی لە باسکردنی جوانیی ژن نەهێناوە، بەڵام هەموو کەسایەتیو ڕێزی لە جوانیدا کۆنەکردووەتەوە، دەنا ئەو یەکێکە لەو شاعیرانەی جوانترین وێنە هونەرییەکانی ناو شیعرەکانی خۆی بۆ کێشانی جوانیی ژن، تەرخانکردووە. ئەو لە بووندا و لە ئاسمانو لە زەویشدا، لەناو فریشتەو بوونەوەرەکانی تری گەردووندا تەنها یەك جوانی دەبینێت، کە ژیانی تێدا بێت، ئەویش جوانیی ژنەو بەس، لە دیوانی (زێو زنە) لە شیعری (کچێك)دا بەدوای جوانیدا دەگەڕێت، دواجار جوانی لە کچێکدا دەدۆزێتەوە.

کچێك
به شوێن جوانیدا ئەگەڕام
له عەردەوە هەتا ئاسمان
لەخوارەوە
لەسەر شانی تاشە بەردێ
کچێکی سپیی کراس شین
ڕاوەستابوو
لەو بەرزتر سنەوبەرێ
سەوز سەوز هەڵکشابوو
تەیرێکی سەوزو سوور ئەفڕی.
له مەلەکەیش زۆر بەرزتر
پەڵە هەورێکی پەمەیی
چاوەڕێ بوو مانگ ببینێ
له پەڵە هەوریش بەرزتر
ئەستێرەیەك پێئەکەنی
من دڵم هیچیانی نەگرت
دیسانەوە هاتمە خوارێ
گەیشتمەوە لای ئەو کچەی
سەر بەردەکەو
وتم جوانی هەرە گەورەو
سیحری ژیان
لەمیاندایە٢٢

### ٣/١ نیشتمان وەك مەعشوق له شیعری شێرکۆ بێکەسدا

شێرکۆ بێکەس لە یەکەم شیعریەوە بە تێکڕای ئەزموونی شیعریی خۆی، تا دیوانی (ئێستا کچێك نیشتیمانمە) لە ساڵی (٢٠١١)دا، واتە تا (٢) ساڵ پێش کۆچی دوایی، بەشێوەیەکی بەردەوامو لە چەندین فۆڕمی جیاوازو وێنەی ئەدەبیی نوێو زمانێکی باڵای دەوڵەمەندی تایبەت بەخۆیدا، بەدوای خۆشەویستیدا وێڵبووەو ئەزموونە شیعرییەکەی خستووەتە خزمەتی مەعشوقەکەیەوە، بەڵام بەپێی قۆناغی شیعریی خۆی، بەهاو پێگەی مەعشوقەکەی دەگۆڕێت. لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە تا (٢) ساڵ پێش کۆچی دوایی، هەموو خۆشەویستیی خۆی دەبەخشێت بە نیشتیمان، نەك شیعری خۆی، بەڵکو ژیانو شیعری دەبەخشێتە کوردستان، ئەو لە نیشتیماندا ژیان دەبینێت، هیواو ئومێدو جوانیو خۆشەویستیو ژیانو مردن لای ئەو، تەنها لە یەك شتدا بوونی هەیە، ئەویش نیشتیمانە، بۆ نموونە لە شیعری (دۆنادۆن)، کە سەرەتا لە ژمارە (٣_٤) ی گۆڤاری ڕەهەنددا بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی زۆر تایبەت ژیانو مەرگو زیندووبوونەوەی خۆی لە کوردستاندا دەبینێتەوە.

ئەگەر لەڕۆژێکدا مردی ڕەشەبا بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی بەورێکەوە!
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو بە باران بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی گۆمێکەوە
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو سایەقە بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی تیشکێکەوە
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو بەفرانبار بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی کەوێکەوە
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو تەمتوومان بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی دۆڵێکەوە
بەڵام ئێستە وەك ئەبینن من زیندوومو
کەچی زۆر دەمێکە ڕۆحم
چۆتە ناو لەشی کوردستانەوە ٢٣

شاعیر لەم شیعرەدا مامەڵەیەکی جودا لەگەڵ (دۆنادۆن) دەکاتو سەرەڕای نیشاندانی پرۆسەی گواستنەوەی گیان لە دوای مردن بۆ جەستەیەکی تر وەك ئاستی ئاسایی (دۆنادۆن)، بەڵام ئەو لەپێناو نیشاندانی عەشقی باڵای خۆی بۆ نیشتیماندا، مامەڵەی لەگەڵ (دۆنا دۆن) دەگۆڕێت، چونکە ئەو هەر بە زیندوویەتی گیانی خۆی دەبەخشێتە نیشتیمان. (هەموو وێنەکان لەم شیعرەدا بە (ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردی) دەستپێدەکەن. ئەم وێنەیە هەر لەسەرەتاوە ئاسۆیەکی فراوان بۆ خوڵقاندنی زنجیرەیەك وێنەی تەباو ناتەباو یەکانگیر لە دەلالەتدا دروستدەکەن. بەجۆرێك دەکرێت بڵێین، کە ئەو سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری، سروشتی داینەمۆیەکی بەهێزی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مانای شیعرەکە لەو وێنانەدا نییە. واتە لەڕووی دەلالییەوە قەسیدەکە وەکو قەوارەیەکی تەواو لەو ساتەدا لەدایکدەبێت، کە دژ وێنەیەك دێتو کۆی ئەو پرۆسەیە دەوەستێنێ کە دەشێت لە ژێر زەبری خەیاڵێکی شاعیرانەی نووسەردا تەواو درێژ ببێتەوە. ئەو دژە وێنەیەش لە سێ دێڕی کۆتایی شیعرەکەدایە. (بەڵام ئێستە وەك ئەبینن من زیندووم...) ئەم ڕستەیە چەمکی هەموو شیعرەکە دیاریدەکاتو دەبێتە وێنەی ناوەندو جەوهەری ئەو گواستنەوە ستاتیکییە لە دونیای ئاسایی دۆنا دۆنەوە بەرەو دونیای نائاساییو شیعریانەی دۆنا دۆن) ٢٤.

شێرکۆ بێکەس لەپێناوی مەعشوقەکەیدا، ئامادەیە کۆی پرسە باوەکانی ناو بیرکردنەوە فەلسەفییەکانیش دەستکاری بکاتو بیانگۆڕێت بە ئاراستەیەکدا، خزمەتی کۆی جیهانبینییەکەی بکەن بەرامبەر بە نیشتیمان. ئەو لەو شاعیرانەیە، دەیەوێت بەڕوونی ئەوە بخاتەڕوو، نەك خۆی، بەڵکو گیانیشی بەخشیووە بە نیشتیمان، بەجۆرێك ئەگەر زیندوو بێت، ئەوا بەهۆی نیشتیمانەوەیە، لەبارێکیشدا ئەگەر نیشتیمان مرد، ئەوا بێگومان خۆشی دەمرێت. شێرکۆ بێکەس هیچ شتێك بە شایستەی ئەوە نازانێت گیانی خۆیو شیعری خۆیو جەستەی خۆی پێببەخشێت، جگە لە مەعشوقەکەی، لەم پێناوەشدا هێزی شیعری خۆی دەخاتەگەڕ تا بتوانێت ئەو ئاستی عەشقە قووڵەی خۆی بۆ نیشتیمان دەرببڕێت تا ئەو ڕادەیەی، هەموو ئەزموونی شیعریو تەنانەت بوونی خۆشی لە بوونی مەعشوقەکەیدا دەبینێت.

١/٢ کردەی گۆڕینی مەعشوق لە نیشتمانەوە بۆ ژن لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا

ئەو هەموو عەشقە زۆرەی شاعیر بۆ مەعشوقە کۆنەکەی، تا سەر بەردەوام نابێتو لەپڕ گۆڕانکاریی قووڵ بەسەر ڕوانینی شاعیر بۆ مەعشوقەکەی دروستدەبێت، بەڕادەیەك بە تەواوەتی پشتدەکاتە نیشتیمانو بەدوای فریادڕەسێکی نوێدا دەگەڕێت تا بوونی خۆی تێدا ببینێتەوە، ئەویش (کچ)ێکە. کودەتای ئەزموونی شیعری شێرکۆ لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتیمانمە) دا بەتەواوەتی دەردەکەوێت، (نیشتیمان لێرەدا چیتر جوانو بریندارو دایكو زوڵملێکراو نییە، بەڵکو نیشتیمان ناشیرینو بریندارکەرو باوكو زوڵملێکەرە، بڕیارت داوە کە ئیتر خۆشت نەوێتو هەتاوو تەمتومانی وەکو یەك سەیرئەکەیت، ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ شیعری تۆ ئەو تەوەرەیە، کە بەر بڕبڕەی پشتی هەر مانایەك ئەکەوێت کە حزبو ئایدۆلۆژیا ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەو مانا شیعرییە ئەژیان کە شیعری ئێوە بەرهەمی هێناوە) ٢٥.

بە ئاشکرا شێرکۆ بێکەس لەم دیوانەدا بەراوردی دوو جۆر نیشتیمانی خۆی دەکات، یەکەمیان ئەو نیشتیمانەی مەعشوقی ئەبەدیی ئەو بووە، ئێستا بەها پیرۆزەکانی لەدەستداوەو تەنانەت دزی لە خۆشی دەکات. شاعیر بەهانە بۆ مەعشوقێتیی خۆی بۆ نیشتیمان لە قۆناغی خەباتو شاخدا دەهێنێتەوەو بە هەمان شێوەش، بەهانەی گونجاو بۆ دەربڕینی ئەو هەموو ڕقە دەهێنێتەوە، کە بەرامبەر نیشتیمانی دزەکان هەیەتی.

ئەو ساڵانە لە دەفتەرە بچکۆلەکەی مندا
ژیان بریتی بوو لە (با)یەکی تەپو تۆزاویو
لە خەوبینینی خۆڵاویو لە پەنگ خواردنەوەی
تەنیایی لە یەك ژوورداو لە دەرەوەیش
لە جەنگی نێوان مەچەكو پەنجەکانی شاخەکاندا
مێژوومان دارەمەیتێکی خوێناوی ئەبەدی بوو
هەر لەو گەڕەکەی ئێمەدا پەنجەرە پەنجەرەی
ئەکوشت. درەخت درەختی ڕاوئەنا. گەڕەگ
ئەبوو بە سیخوڕو هەنگاوی ڕێبواری ئەژمارد.
ڕەنگ ڕاپۆرتی لە ڕەنگ ئەدا. گوڵدانەکان
یەکتریان وێران ئەکرد. من نیشتیمانی پیرۆزم
وەها بینیو وەها ناسی. لە دەفتەرە
بچکۆلەکەی مندا. ناوی حزبو دووکەڵو چەتەو
ڕەنگی مردنو قوربانی تێکەڵ بووبوون
لە یەك جوێ نەئەکرانەوە. دوو سێ جاریش
خودا بۆ خۆی کەوتە بەینی ئەو تەورەوە
دەم تیژانەوە بەڵام دوایی لەوسەرەوە
ئەویش بە دەستی بەتاڵو نائومێدی گەڕایەوە٢٦

کاتێك ئەو مەعشوقە زوڵملێکراوەو بریندارو ئازارچەشتووە دەگۆڕێتو خۆی دەبێتە زاڵمو مرۆڤەکانی بریندارەدەکرێن، لە دۆخی سیخوڕی کردن بەسەریەوە خۆی دەبێتە سیخوڕو لە شۆڕشگێڕییەوە کاربەدەستەکانی دەبنە دزو جوانیی مەعشوقەکەی دەشێوێتو گوڵەکانی هەڵدەوەرنو کانییەکانی وشکدەکرێن، ئیتر لێرە بەدواوە شێرکۆ بێکەس بە تەواوەتی

تووڕەیـە لـە نیشـتیمانی ناپاکـەکان.

لەو دەمەدا کە نیشتیمان هێشتا جوان بوو
ئەو بەردەی لەسەر ئازادیی کانیاوێ
دەستی چەپی خۆی دانابوو. ئەمجارەیان کە هاتەوە
بە دەستی ڕاست دزی لە گۆمەکان ئەکرد.
ئەو دارگوێزە جەنگاوەرەی لەناو دەربەندێکی تەنگدا،
شوێن مردن کەوتو ملی گرت، کێ نەیبینی
کە وەختێکیش گەڕایەوە لەبەردەمی بانکەکاندا
بەهەزار پەل خۆی بائەداو سەمای ئەکرد! ئەو
پڵنگەی کە یەکەم ڕۆژ خۆیکرد بە ناو مەرگە
سوورەکەی ئێرەدا. لە کراسێکی خەتی ڕەش و سپی
بەری خۆیو لە جووتێ پێڵاوی لاستیك بەولاتر،
هیچی نەبوو، ئەوا ئەمڕۆش پێڵاوی لاستیك
زێڕینەو ئەوا ئێستەش ڕوبار ئەکڕێو
شاخ ئەفرۆشێو ئەیەوێ دەریاچە قووتداو
تەماعی کردۆتە مانگو داوای ئەکا بۆی دابەزێ ٢٧

شـێرکۆ بێکـەس لـەم دیوانـەدا زۆر جیـاواز دەردەکەوێـتو چیرۆکەکانـی بێئومێدبوونـی خـۆی لـە مەعشـوقە کۆنەکـەی دەگێڕێتـەوەو دەیانکاتـە بنەمایەکـی نـوێ بـۆ جیهانبینییـە یاخیبەکـەی خـۆی بـۆ نیشـتیمان. لێـرەدا شـاعیر هەمـوو شـتێك لـە نیشـتیماندا دەهێنێتـە قسـەو دژی نیشـتیمانی خائینـان دەوەسـتێتەوە، لەجیاتـی نەوەیەکـی نـوێو نـاڕازی لـەو بارودۆخـە سـەپاوەی سـەر نیشـتیمانەکەی قسـەدەکاتو دەنووسـێت، هەروەهـا ئـەو توانایەکـی لەڕادەبـەدەر بەکاردەهێنێـت بـۆ نیشـاندانی هێـزی یاخیبوونـی خـۆی لـە مەعشـوقەکەی.

«ئەگـەر لـە نەوەدەکانـدا دەربەنـدی پەپولـە مانیفێسـتی گەڕانـەوەی شـێرکۆ بووبێـت بـۆ نیشـتیمان، ئـەم چامـە نوێیـەی شـێرکۆ، مانیفێسـتی تووڕەبـوونو وەرگەڕانـی شـێرکۆیە لـە نیشـتیمان. ئـەوەی، کـە چاوەڕوان کـراو نییـە لـە شـێرکۆ ئەوەیـە ببێـت بـەو شـاعیرەی، کـە نیگارێکـی کاریکاتـۆری بـۆ مەعشـوقە دێرینەکـەی خـۆی بکێشـێت. یاخیبوونـی وەهـا زەحمەتـەو لـە تەمەنێکـی وەهـادا پێشـبینی ناکرێـت، تەنها شـاعیرە گـەورەکان دەتوانـن لـە پیریـدا بـێ تـرس خیانـەت لـە مەعشـوقەکانیان بکـەن، بـەڵام شـێرکۆ لـە جەژنـی لەدایکبوونـی حەفتا سـاڵەیدا شـتێك دەخاتـە بەردەمـمان کـە چاوەڕوانکـراو نییـە. نیشـتیمان کـە لـە هەمـوو ئەزموونـی دێرینـی شـێرکۆدا قیبلـەگای جوانییـەکان بـووە، چیـتر ئـەو نیـگارە میتۆلۆگـیو خورافیـەی خـۆی دۆڕانـدووەو بووەتـە پیاوێکـی گـرژو مـۆن، پیاوێکـی ناشـیرین»٢٨.

ئـەو گۆڕانـە لـە ئەزموونـی شـیعریی شـێرکۆ بێکەسـدا، ئەوەنـدە زەقو ئاشـکرایە، زۆر بە ئاسـانی دەتوانیت هەمـوو ڕەهەندەکانی دیاریبکەیـتو بیاندۆزیتـەوە، دەتوانیـن تێکـڕای دیوانـی (ئێسـتا کچێـك نیشـتمانمە) وەك بەیاننامـەی تووڕەبوونـی شـێرکۆ بێکـەس لـە مەعشـوقە کۆنەکـەی دابنێیـن، هەروەهـا پشـتکردنە نیشـتیمان لای شـاعیر ئەوەنـدە تونـدو بەهێـزە، تـا ئاسـتی تانـەدان دەڕواتو نیشـتیمان دەکاتـە کاریکاتێرێکـی تەنزئامێـز، لەلایەکـی تـرەوە دەرخسـتنی توانـای شـیعریی ئـەوە لـە تەمەنـی پیریـداو گەڕانەوەیـە بـۆ ئیـرادەو توانـای گەنجێتـی، ڕەنگـە شـاعیر لـەم گۆڕانـە یاخیانـەی خۆیـدا ئەوەمـان پێبڵێـت، ئەگـەر بگەڕێتـەوە بـۆ

قۆناغی شاخو گەنجێتی، بەمجۆرەی ئێستا نیشتیمان دەبینێتو تێکڕای مێژووەکەی دەخاتە ژێر پرسیارو گومانی قووڵەوەو لێرەوە ئەو وەك مرۆڤو شاعیریش، هیچ جوانییەکی تایبەت لە مەعشوقە کۆنەکەی خۆیدا نابینێت، چونکە نیشتیمان هەموو جوانییەکانی خۆی دۆڕاندووەو ئێستا لەجیاتی ئەوەی مرۆڤێکی ناسكو میهرەبان بێت، بووەتە پیاوێکی ناشیرینی تووڕەو مۆن. شاعیر لەم دیوانەدا بەتەواوەتی هاوکێشەی عاشقبوونی خۆی بەرامبەر بە نیشتیمان پێچەوانە دەکاتەوە، پێچەوانەیەك، دەتوانین وەك کودەتایەکی هزری لە ئەزموونی شیعریی ئەودا ناویبنێین.

«ژنو نیشتیمان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا دوانەیەکی لێك دانەبڕاون، ئەو سەرەتا هەموو شتەکان لە چاوی نیشتیمانەوە دەبینێت، بەجۆرێك نیشتیمان دەبێت بە دایكو بە مەعشوقو دڵبەر. کەچی لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)داو دوای ئەوەی شاعیر لە نیشتیمان تووڕە دەبێت، کچێك دەکاتەوە بە نیشتیمانی خۆی. واتە هاوکێشەکە بەتەواوەتی پێچەوانە دەبێتەوە». ٢٩

شێرکۆ بێکەس چ وەك شاعیرو چ وەك مرۆڤ، تەمەن ڕێگر نییە لە بەردەمیدا بۆئەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی خۆی دروستبکاتەوە، چونکە ئەو لەو شاعیرانەیە پێیوایە دەیەوێت خۆی بێت، واتە فشارە دەرەکییەکان کارنەکەنە سەر ئەوەی، کەسایەتی بگۆڕێت بەپێی ویستە ئایدۆلۆژیو سیاسیو ئایینیو کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان. شاعیر خاوەن کەسێتیی خۆیەتیو لەسەر ئەو ڕەهەندە خۆی دروستدەکات، کە گیانی بەرگریکردن لە ڕاستی، لەناخیدا دروستدەکەنو جیهانبینی دەگۆڕن، لەبەرئەوەی مرۆڤبوون کردەیەکە هێزی سروشت بە مرۆڤی نابەخشێت، بەڵکو مرۆڤ خۆی دروستیدەکات.

«مرۆڤ بوونو کردەی بوون بە تاکەکەس، دیاردەیەکی سروشتی نییە، شتێك نییە پێشوەخت بە مرۆڤ بەخشرابێت، بەڵکو کردەیەکی مێژوویيو مەعریفيو دەزگایيو ڕەخنەییە. مرۆڤ بوونەوەرێکە بە بەردەوامی لەدۆخی دروستبووندایە، ئێمە بەبەردەوامی دروست دەکرێین. کردەی بەرگریکردن بریتییە لە دەستکاریکردنی ئەم دروستکردنە بەردەوامە، ڕێگرتنە لە سەپاندنی دەرەکیانەی کەسایەتی بەسەر تاکە کەسدا. لە پراکتیکەکانی ئازادیدا ئەوە لە تاکە کەس چاوەڕوان دەکرێ کە خۆی یاساو بەها ئەخلاقییەکانی خۆی هەڵبژێرێت» ٣٠.

شێرکۆ بێکەس کردەی گۆڕینی مەعشوق لەئەنجامی گۆڕینی بارودۆخی سیاسیی کوردستانەوە ئەنجامدەدات، ئەو هەر لە یەکەم ئەزموونی شیعریی خۆیەوە، هەڵبژاردنی مەعشوقەکەی لەسەر بنەمای بارودۆخی سیاسییەوە بە بڕوابوونەوە هەڵدەبژێرێت، واتە زوڵمی بەردەوام، جۆری مەعشوقەکەی شاعیر دیاریدەکات. زوڵمی زۆری دوژمنانی نیشتیمان، دەبێتە هۆکاری گۆڕینی مەعشوقەکەی، شاعیر لە سەروبەندی نووسینی دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا لە چاوپێکەوتنێکدا، کە دواتر لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری سەردەم لە ساڵی (٢٠١٤)دا بڵاوکراوەتەوە، بە ئاشکرا باس لە خراپیی بارودۆخی سیاسيو زوڵمو نادادی دەکات، هەر ئەم بارودۆخە خراپەش، هەوێنی نووسینی ئەو دیوانە یاخییەیە لە ئەزموونی شیعریی ئەودا. (نارەزاییو خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی سلێمانی٣١، بێگومان چاوەڕوانکراو بوون، شتێکە دەمێکە خەست بووەتەوە لە کوردستاندا. لەناو خەڵکدا بیروڕای جیاواز هەن، بەڵام لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو خاڵەی، کە گوێ لە سەرجەمی دەنگەکانی خەڵك ناگیرێت، بۆ نموونە کێشەی دزیو بردنی سەروەتو سامانی وڵاتو ناونەهێنانی هەژاریو بێکاری، دەسەڵات کوێرە لە بەرانبەر کێشەکانی خەڵکدا. بێگومان خەڵك هیچ ڕێگایەکی تریان لەپێش نییە تەنها ئەوە نەبێت بڕژێنە سەر شەقامەکانو داوای مافەکانیان بکەن لە دەسەڵات) ٣٢.

شاعیر لە هەمان چاوپێکەوتندا ڕەخنە لە شەڕی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەگرێت، کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی سەدەی ڕابردوو لە باشووری کوردستان ڕوویداو بووە هۆی دابەشکردنی هەرێمی کوردستانو دابەشکردنی داهاتی وڵاتو بەشکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، «شەڕی ناوخۆ لەنێوان (پارتيو

یەکێتـی) کـە لـە سـاڵانی نـەوەدەکانو پێـش ئـەو سـاڵانەدا ڕوویانـدا، لاپەڕەیەکـی ڕەشـە لەمێـژووی میللەتـی کـورددا هەرگیـز ئێمـەی کـورد شـانازی پێوەناکەیـن، ئـەوان ناچارکـران ڕێبکـەونو دەسـەڵات بـەش بکـەن هەرچەنـدە لەنێـوان ئـەو دوو پارتـەدا تاوەکـو ئەمـڕۆش ئاسـەواری ئـەو جەنگـەو گـرژیو بێبـاوەڕی بـە ئاشـکرا دیـارە، لـەوەدا دەبینرێـت کـە حکومـەت کارتۆنییـەو دەسـەڵاتی لا نییـە، بەڵکـو دەسـەڵات لای سـەرکردەکانی ئـەو دوو پارتەیـە. هەمـوو بڕیارێك لەلایەن سـەرکردەکانی ئـەو دوو پارتەوە دەردەچێـت، کاریگەرییـان بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە هەیـە، لـە کوردسـتان ئـەو دوو پارتـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارو تەلەفزیۆنـی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، چاودێریشـن بەسـەر میدیـای گشـتییەوە. بـازاڕو بازرگانـی وڵاتیـان تـەواو داگیرکـردووەو هێـزی پێشـمەرگە تـا ئێسـتاش لەژێـر دەسـەڵاتی پارتـیو یەکێتـی دان، لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکومـەت هـەر پارتـەو سـەربازو دەزگای نهێنـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. کوردسـتان وڵاتێکـی دەوڵەمەنـدە ماڵـی نیشـتیمانو نەتەوەکـەی ئـاوا بێـت، بێگومـان داهاتەکـەی لەنێـوان ئـەو دوو پارتـەدا دابـەش دەکـرێ. چەندیـن سـاڵە نـەوە لـە دوای نـەوە خەویانـە بەشـداربن لـە کوردسـتاندا بەتایبەتـی لـە سیاسـەتی وڵاتـدا. هەمـوو سـاڵێك سـەدان لاو لـە زانکۆکانـی کوردسـتان دەردەچـن بـێ ئـەوەی بەختیـان بەرکەوێـتو کاریـان پێبدرێـت» ٣٣.

ئەگـەر سـەرنجی بۆچوونەکانـی شـێرکۆ بێکـەس بدەیـن، هـەر هەمـان ئـەو بۆچوونانـەن، کـە لـە دوو توێـی ئـەم دیوانـەدا بەشـێوەیەکی یاخیانـە دەربڕیـونو بەهۆیانـەوە گەیشـتووەتە ئـەو بڕوایـەی، نیشـتیمانێك بـەو جـۆرە بێـت، شـایانی ئـەوە نییـە وەك مەعشـوق لەگەڵیـدا بیـت، بەڵکـو پێویسـتە بیگۆڕیـت. لێـرەدا شـێرکۆ بێکـەس وەك هـەر کەسـێکی تـری نـاڕازی لـەم کۆمەڵگایـەدا، دژی نادادپـەروەریو زوڵـمو نەبوونـی دیموکراسـیەتو بەشـداری پێنەکردنـی خەڵکـی لـە ناوەندەکانـی بڕیـاردا دەدوێـتو دەنووسـێت، بەتایبـەت دوای ئـەوەی بـە تەواوەتـی بـۆی دەردەکەوێـت، کـە دەسـەڵاتی کـوردیو حوکمڕانەکانـی ئـەم نیشـتیمانە، نـەك شـایانی خۆشەویسـتی نیـن، بەڵکـو دەبێـت بـە هەمـوو جۆرێـك دژیـان بوەسـتینەوە.

لە ئێستەدا  
لەناو جەستەی ئەم نیشتیمانە بەرێزەدا  
لە گەلەریەکانی سەری ئەودا  
دەگمەنن ئەو تابلۆیانەی تۆ حەزیان لێبکەیتو  
هەڵیانبژێریو بتەوێ بە دیواری ڕۆحتا هەڵیان بواسی  
لەناو گەروی ئەم نیشتمانە ئازیزەدا  
لەسەر هەموو شانۆکانی  
لەبەردەم هەموو مایکرۆفۆنەکانیدا  
زۆر کەمن ئەو پەیڤانەی  
تۆ حەزبکەی لە دڵەوە گوێیان لێبگری  
لە دڵەوە تەوقەیان لەگەڵدا بکەیت  
بەدڵ پیاسەیەکیان لە تەکدا بکەیت  
لە ئێستەدا  
دەموچاوی نیشتمان  
لە دەموچاوی پەنجەرەیەکی چڵکن ئەچێ  
کە بەردەوام داخرابێو  
گرژو مۆنو ساڵی جارێك پێنەکەنێ! ٣٤

شێرکۆ بێکەس دوای ئەو نائومێدبوونە زۆرەی لە نیشتیمان، کۆتایی بە خەون و ئومێدەکانی خۆی ناهێنێت، چونکە ئەو پێیوایە نابێت شاعیربوونی خۆت بکوژیت، کاتێك مەعشوقەکەت خیانەتت لێدەکات، بەڵکو پێویستە سەرلەنوێ مەعشوقێکی تر بدۆزیتەوە بۆئەوەی کردەی بەمرۆڤبوونی خۆی درێژە پێبدات و دروستیبکات. شاعیر بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەوڵی بوونی مەعشوقدایە، بۆئەوەی هەم خۆی بمێنێت و هەم شیعرەکانیشی، چونکە بە هەموو پێوەرەکان شیعرو عەشق لای شێرکۆ بێکەس یەك ئەرکیان هەیە، ئەویش بەخشینی دۆخی زیندووبوونە بە شاعیرو دەقەکانی، واتە ئەگەر عەشق نەبێت، نە شیعر دەبێت و نەشاعیریش.

عەشق = شیعر= شاعیر
↓ ↓ ↙
کردەیەکی بەرهەمی کردە کارەکتەری بەرهەمهێنانی ئەو کردە ڕۆحییە لەڕێی دەقەکانییەوە
ڕۆحیانەی مرۆڤە ڕۆحییەکەیە

شێرکۆ بێکەس وا لە دەقی شیعریی دەڕوانێت، کە هەرگیز لە خەونی یەکەمی، کە (عاشقبوون)ە، جیانابێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەونە یەکەمەکەی خودی شاعیر بەشێوەیەکی قووڵ دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی کردەی نوێی داهێنەرانە، بۆ ئەمەش پشت بە مەعشوق دەبەستێت و لە هەر قۆناغێکی شیعریی ئەودا مەعشوق دەگۆڕێت، بەڵام هەر دەبێت بوونی هەبێت. واتە دەتوانین بڵێین مەعشوق لە دەقی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا بوونێکی هەمیشەیی لە چەندین فۆڕمی جیاوازدا هەیە. کردەی گۆڕینی مەعشوق لە نیشتیمانەوە بۆ ژن، تەنها کردەیەکی جەستەیی نییە، واتە خۆی نابینێتەوە لە پەیوەندییەکی ڕووتی نێوان دوو ڕەگەزدا، هەرچەندە شاعیر لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا، خۆی لەم بوارەدا نەبواردووەو بە ئاسانی دەتوانین لە ئەزموونی شیعریی ئەودا، ئەم ڕەهەندە بدۆزینەوە، بەڵام کردەی گۆڕینی مەعشوقی سەرەکی لە ئەزموونی شیعریی ئەودا، ئەنجامی ئەو تووڕەبوونە جەماوەرییە گەورەیەیە، کە شاعیر هەستی پێدەکات و دەیەوێت لە شیعردا وێنای پێبکات.

ئەو لە مەعشوقە نوێیەکەی دەڕوانێت وەك هۆکارێك لە پێناوی گەڕانەوەدا بۆ ناو دونیا گەورەکەی بوون وەك دیوێکی تری ڕوانینی سۆفیگەرانە بۆ بوون و ژیان. ڕەنگە بەخشینی ڕوانینی سۆفیگەرانە بە شێرکۆ بێکەس بە پێوانە ئایینییەکان کارێکی ناجۆرو نامۆ بێت، بەڵام دواجار هەم جیهانبینیی شێرکۆ بێکەس و هەم جیهانبینیی سۆفیگەرانە بۆ پرۆسەی یەکبوون، لەناو بوون و ژیاندا زۆر لە یەکترەوە نزیکن. «عەشق لە فەرهەنگی شێرکۆدا ناوێکی دیکەی ئەو پەرینەوە ئەفسانەییەیە بەرەو یەکگرتنەوە لەگەڵ بووندا. عەشق وەك لە فەرهەنگی هەموو سۆفییە گەورەکاندا هەیە، لە فەرهەنگی شێرکۆشدا، ڕێگای وەدیهێنانی ئەو یەکێتی بوونەیە کە خولیای سۆفییەکانە» ٣٥.

شاعیر لەگەڵ (ژن)دا وەك مەعشوق لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆئەوەی پرسی یەکگرتنەوەی لەم بوونەدا لەگەڵیدا ئەنجامبدات، ئەو وەك بەشێکی بنەڕەتی و سەرەکی، سەیری ژن دەکات لە سروشتدا، نەك تەنها وەك ئامێرێکی کۆنترۆڵکردن، دواجاریش هەر ئەم ڕوانینەیە وا لە شێرکۆ بێکەس دەکات، کۆی خەونی عاشقبوونی خۆی بەو بوونەوەرە گەورەیەوە هەڵبواسێت، کە ژنەو دەکرێت تەنانەت وەك فریادڕەسی مەزنی ڕزگاربوونی شاعیرو مرۆڤیش لێی بڕوانێت. «لەم زەمینی دابڕان و لێکترازانەشدا یەکگرتنەوە لەگەڵ ئافرەتدا، وێنەیەکی بنەڕەتی و قۆناغێکی گەورەو ئەبەدی هەموو یەکگرتنەوەیەکی قووڵی جەستەیی و ویژدانییە. ئافرەت لێرەدا ئەو بەشە جەوهەرییەی بوونە، کە یەکگرتنەوە لەگەڵیدا، شکاندنی دیواری جودایییە گەورەکانە، کە لە سەرەتاوە شاعیر لەگەڵیاندا ناتەبایە، ئافرەت لێرەدا وەك بەشێکی سروشت، کەرەستەی ڕێکخستن و

کۆنترۆڵکردن نییە، بەڵکو بابەتی یەکبوونەوەیە.

من ئەم نیوە قەدەغەیە چۆن بێنمەوە

ناو لەشی خۆم؟!

من ئەم نیوە بێ دەنگەی خۆم

چۆن بێنمەوە ناو گەروی خۆم

من دابڕینی نیوەم لە نیوە

من دابڕینی جەستەم لە جەستەم

شیعر ڕێگای شکاندنی دابڕانەکانە، عەشقیش هەمان ڕێگایە... عەشق لێرەدا ئەو لکە بونیادەیە کە لەناو وەزیفەی سەرەکی دەقەکەدا مانا وەردەگرێ، واتە تەنها ئاماژە نییە بۆ شەیدایی عاشق بۆ مەعشوق، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هێنانەوەی نیوە جوداکانی وجود، بۆ کۆکردنەوەی هەموو بوون لەناو یەك بازنەدا، بۆ یەکخستنەوەی هەموو دەنگەکان لە یەك دەنگدا» ٣٦.

٢/٢ مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ مەعشوقە نوێیەکەیدا

شێرکۆ بێکەس بەتەواوەتی پشتدەکاتە مەعشوقە کۆنەکەی خۆی و لەڕێی تووڕەبوونێکی ئەدەبییانەی نوێوە، ناسنامەیەکی ناشیرین دەبەخشێتە نیشتمان وەك مۆڵگەی دزی و خیانەتی پیاوە گرژو مۆنەکە وێنایدەکات، هەروەها بە ڕوونی دان بەوەدا دەنێت، ئەگەربێتوو وەك جاران بۆ مەعشوقەکەی بنووسێت، ئەوا خودی خۆی و شیعرەکانیشی دەبنە دزێکی گەورە وەك سیاسییە بازرگانە دزەکان، تەنانەت لە دۆخێکی لەمجۆرەدا شیعر نووسین بۆ مەعشوقە کۆنەکەی، جوانیی ناو شیعرەکانیشی لێ وندەکات. بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە ناشیرینە، شاعیر پەنادەباتە بەر مەعشوقە نوێیەکەی، تا جوانیی شیعرو زیندوێتی بۆ خۆی و دەقەکانی بگەڕێتەوە. شاعیر لەو نیشتیمانە بێزارو تووڕەیە، کە پڕێتی لە ناپاکی و دزی و خیانەت لەگەڵ نیشتیمانەکەی جارانی، کە پڕ بووە لە قوربانیدانو جوانی و ئازارکێشان بە دەست دوژمنەکانییەوە. ئەگەر سەرنجی ئەم کۆپلە شیعرەی خوارەوە بدەین، بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، شێرکۆ بێکەس کام نیشتیمانە فڕێدەداتە دەرەوە، بۆچی بەو جۆرە تووڕەیەو پشت لە مەعشوقە کۆنەکەی دەکات؟ بۆچی لە جیاتی نیشتیمان، جوانی لە (ڕۆژانا)٣٧ دا دەبینێتەوە.

نۆیەم شەو

من کە شیعر بۆ سیاسەت دەنووسم

لەو وەختەدا ئەبم بە گوڵدانە گرژو مۆنەکانی

سەرمێزی کۆبوونەوە

ئەگەر بۆ خۆمی بنووسم

ئەبم بە جۆگەی ئاوێکی ڕاستەقینە

کە بۆ ئەم نیشتیمانەی ئێستای بنووسم

ئەبم بە ڕیزێ ژمارەی دزراو

بەڵام وەختێ کە بۆ ڕۆژانای بنووسم

ئەبم بە جوانترین شیعری دنیا !٣٨

شاعیر ئەوەندە گرنگی بە مەعشوقە نوێیەکەی دەدات تا ڕادەی ئەوەی وەك سەرچاوەی گەنجبوونەوەو گەڕانەوە

بۆ قۆناغی لاوێتی تێیدەڕوانێت، دروستکردنی ئەم دۆخەش، لەپێناوی ئەو عەشقە لەدەستچووەدایە، کە تەمەنێکی زۆری پێبەخشیوەو ئێستاش نەك ناتوانێت خۆشیبوێت، بەڵکو بووەتە مۆتەکەیەكو لەکۆڵینابێتەوە. ئەو وەك شاعیرو وەك کوردێکیش دڵشادییەکی ئێجگار زۆری بە مەعشوقە نوێیەکەی هەیەو وەك ڕووناکترینو پرشنگدارترین شت سەیریدەکات، ئەو ڕووناکییە زۆرەی لەم عەشقە نوێیەی شاعیردا دەردەکەوێت، سنوورەکانی تا عەرشی خوداوەند دەڕواتو بەهۆیەوە شاعیر لەو هەموو نەهامەتییە خۆی ڕزگاردەکات، کە بەهۆی عشقی نیشتیمانەوە تووشی هاتووە، تەنانەت عەشقە نوێیەکەی کاردەکاتە سەر کاتو دەستکاری دەکات، هەر بەهۆیەوە کاتو شوێنو جوانیو ڕووناکیو تەمەنی هەمووی گۆڕانی بەسەردا دێت، هەربۆیە بۆ شاعیر زۆر گرنگە تەواوی خۆشەویستیی خۆی بۆ (ڕۆزانا) دەرببڕێت تا بەهۆیەوە قەرەبووی جوانییە لەدەستچووەکانی بکاتەوە، لە هەمانکاتدا هەستکردن بە ترسێکی زۆر هەیە لەوەی شاعیر نەتوانێت خۆشەویستیی خۆی بە تەواوەتیو بە هەموو ئاستو ڕەهەندەکانییەوە، کە بۆ مەعشوقە کۆنەکەی دەریبڕیوە، بۆ (ڕۆزانا)شی دەرببڕێت، هەر ئەمەشە وا لە شاعیر دەکات تا پەخشانە پڕ لە خۆشەویستییەکەی بۆ (ڕۆزانا) تەواونەکات، توانای خەوو پشوودانی نەبێت، واتە شێرکۆ بێکەس بە هەموو توانای شیعریی خۆیەوە، دەیەوێت لە نیشتیمانی ئێستا ڕابکاتو خۆی بکات بە باوەشی (ڕۆزانا)دا. دەتوانین ئەم دۆخە پڕ ترسو حەسرەتە لەلای شاعیر، بە دۆخی خۆپاککردنەوە لە عشقی ڕابردووی پیاوە گرژو مۆنەکەی جاران دابنێین، ئەمەش لای شاعیر زۆر گرنگەو کرۆکی هەموو ئەو بابەتەیە، کە شێرکۆ بێکەس لەم دیوانەدا لەبارەیەوە دەدوێت.

لە شەوی یانزەهەمیشدا خەوم لێنەکەوت، تا ئەم
پەخشانە، بۆ خۆشەویستی ڕۆزانا لە باوەشما نەڕسکاو
باوەشی پیا نەکردم
تۆ ئەزانی خۆشەویستیت، لەم مەملەکەتی پەرچوودا
بە دەستە ئەفسووناویەکانی، جێگۆڕکێ بە کاتو شوێنم
ئەکاتو لەناو یەکتریدا ئەیانتوێنێتەوەو سەر لەنوێ
جەستەی من تێك ئەداتەوەو ئینجا ئەیخوڵقێنێتەوە
سالم
ئەباتەوە دواوەو گەڵای وەریوم هەڵئەگرێتەوەو
ئەیباتەوە سەر چڵو سەر لەنوێ ئەویش سەوز ئەبێتەوەو
نەرم نەرم جارێکی دی ئەشنێتەوە
تۆ ئەزانی لەم فڕینە تازەیەدا، ئەوەندە بەرزە فڕم،
ئەوەندە بەرز بوومەتەوە، خەریکم دەنووك بدەم
لە شووشەی پرشنگی ژوورەکەی خودا !٣٩

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە ئەزموونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس)دا دوانەیەکی جێگیر هەیە، دوانەی (ژنو نیشتیمان)، لە سەرەتای ئەزموونی شیعر نووسینییەوە تا دواهەمین دیوانی شیعریی خۆی، ناتوانێت خۆی لە کاریگەرییو هەژموونی ئەم دوو دوانەیە دەربازبکات، بەڵکو هەر جارەو بەجۆرێك یەکێك لەم دوانەیە خۆی دەکاتەوە بەناو دەقەکانیداو بیرو زمانو وێنەی شیعریی شێرکۆ بێکەس دەتەنێو داگیردەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوونی ئەم دوانەیە، لە هەموو قۆناغەکانی شیعر نووسینی ئەودا وەکو یەك نین، بەڵکو گۆڕانو جیاوازیی زۆر دەربارەی ئامادەبوونیان بوونی هەیە، بەڵام

دواجار ئـەم دوو دوانەیـە، لەجیاتـی ئـەوەی دژی یەکـتری بوەسـتنەوە، لـە ئەزموونـی شـیعریی ئـەودا یەکـتری تەواودەکـەن، بـەڵام لـە ئـەرکو بەهـادا جێگۆڕکـێ دەکـەن.

شـێرکۆ بێکـەس لـە زۆر دەقـی ئەدەبیـدا وەك شـاعیرانی تـری کـوردو جیهانیـش، نیشـتیمان وەك دایـك سـەیردەکات، واتـە نیشـتیمان، بوونـە ئەدەبییەکـەی، بوونێکـی (مێ)یانەیـەو لەڕێیـەوە شـاعیر بـەدوای ناسـنامەی خـۆیو نەتەوەکەیـدا دەگەڕێـت، ئـەم گەڕانـەش، گەڕانێکـی دوورودرێـژەو پـڕ ئاڵـۆزیو پێـچو پەنایـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا شـاعیر نایەوێـت ئـەوە دەربخـات، کـە بێـزارە لـە گـەڕان بـە دوای ناسـنامەی بوونـی خـۆیو نەتەوەکەیـدا، کـە شـاعیر تەنهـا لـە نیشـتیماندا دەیبینێتـەوە. کاتێکیـش لـە دیوانـی (ئێسـتا کچێـك نیشـتمانمە)دا مەعشـوقەکەی دەگۆڕێـت، لەبەرئـەوە نییـە شـاعیر ئیـتر بـەدوای ناسـنامەکەیدا ناگەڕێـت، بەڵکـو لەبەرئەوەیـە نیشـتیمان خـۆی پشـتیکردووەتە جوانییەکانـی خـۆیو شۆڕشـگێڕو حاکمەکانـی، ناسـنامەی (ژنبوون)یـان لێسـەندووەتەوەو کردوویانـە بـە پیاوێکـی تـووڕەی ناشـیرین. کاتێـك ئەمـە ڕوودەدات، شـاعیر دەیەوێـت ناسنامە ڕەسـەنەکە بـۆ نیشـتیمان بگەڕێتـەوە، ئەویـش کردنەوەیەتـی بـە دایـك، واتـە کردنەوەیەتـی بـە (ژن)، بـەو ژنـەی، هەمـوو جوانییەکانـی تێدایـەو شـاعیر دەتوانێـت عاشـقی بێـت.

شـێرکۆ بێکـەس بەدرێژایـی ئەزموونـی شـیعریی خـۆی، لـە گەڕانێکـی بەردەوامدایـە بـە دوای عەشـقو نایەوێـت دەرگاکانـی جیهـان بەسـەر خۆیـدا دابخـاتو خـۆی بخاتـە دۆخـی دابـڕان لەگـەڵ سروسـتو ناخـی خۆیـدا، چونکـە دابـڕان دەبێتـە هـۆکاری دروسـتبوونی نامۆیـی لەنـاو ناخـی شـاعیردا، ئەمـەش کاردەکاتـە سـەر هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو یەکێتییـە ڕۆحییـەی، بـەردەوام شـاعیر هەوڵـی پێکهێنانـی داوە لەگـەڵ مرۆڤەکانـی تـرو نیشـتیماندا، یاخـود دەتوانیـن بڵێیـن شـێرکۆ بێکـەس لـەو شـاعیرانەیە، هەمیشـە لەسـەر ئاراسـتەی ئاوێتەبوونـی ڕۆحـی لەنێـوان خـۆی وەك عاشـقێكو نیشـتیمانو ژن وەك دوو مەعشـوق کاریکـردووە. کـردەیِ ڕووکردنـەوە سروشـتو نیشـتیمانو ژنو دواجاریـش جیهانـی ڕاسـتەقینە، کردەیەکـی بەربـڵاوو ڕێکخـراوی نـاو ئەزموونـی شـیعریی شـێرکۆ بێکەسـە، ئـەو لـەو شـاعیرانەیە مانـدوو نابێـت، کاتێـك دەیەوێـت لەڕێـی گەڕانـە بەردەوامەکەیـدا بـە دوای مەعشـوقەکەیدا خـۆی بدۆزێتـەوە، ئـەم دۆخـەش هەسـتو جیهانبینییەکـی زۆر تایبـەتو سـەرنجڕاکێش دروسـتدەکات، بەجۆرێـك دوو جیهانـی جیـاواز دروسـتدەبن، جیهانـی پێـش عاشـقبوونو جیهانـی دوای عاشـقبوون، هەربۆیـە کاتێـك شـێرکۆ بێکـەس لـە نیشـتیمانی سـەردەمی پیـاوە ناشـیرینەکان یاخـیو تـووڕە دەبێـت، لەبەرئـەوەی ئـەو وەك مـرۆڤو شـاعیر ناتوانێـت بـێ عەشـق بـژی، بۆیـە نائومێـد نابێـت، تـا دواجـار مەعشـوقە نوێیەکـەی، کـە (ڕۆزانا)یـە، دەدۆزێتـەوە. (مـرۆڤ بـەر لـە عشـق بـە دەسـتی خـۆی، دەرگاکانـی جیهانـی ڕاسـتەقینە لەسـەر خـۆی دادەخـاو کلیلـی ئـەو دەرگایـەش ون دەکا، پاشـان بێهـوودە بەدوایانـدا دەگـەڕێ، بـەو ئومێـدەی لـە گۆشـەیەکی جیهانـدا بیاندۆزێتـەوە، بـەڵام کارەسـاتی ڕاسـتەقینە لەوەدایـە کـە مـرۆڤ نازانـێ ئـەو کلیلـە بـە خـودی دووەمـی خۆیەتـی کـە ڕەگەزەکـەی تـرە، چونکـە مـرۆڤ بەشـێکە لـە هارمۆنیـکای مۆزیکێکـی گەردوونـی، کـە لەگـەڵ بەشـەکەی تـری خۆیـدا تێکـەڵ بـە مـەدارە دوورەکانـی گـەردوون دەبێـت، بـەڵام ئـەو سـیمفۆنیا گەردوونییـە پارچەیەکـی یەکانگیـرەو پێکهاتەکانـی یەکـتر تەواوکـەرن، ملکەچـی یاسـاکانی دووریو نزیکـی، ئاینـدەو ڕابـوردوو، زەمیـنو ئاسـمان...نییە) ٤٠.

شـێرکۆ بێکـەس جیهانـی ڕاسـتەقینەی عەشـق لەسـەرخۆی داناخـاتو لـە گـەڕان بـەدوا مەعشـوقدا مانـدوو نابێـت، تـا دواجـار دەیدۆزێتـەوەو شـیعرو جوانـیو خۆشەویسـتیی خـۆی پێدەبەخشـێتەوە.

تۆ ئەزانی خۆشەویستیت... ئەڵێی تەوژمی بە لرفە لرفەو
کەف چڕینی ڕوباری نورێکە کە لە دڵی خواوە، لە
چاوەکانی
خواوە، سەرچاوە ئەگرێو لەو گەلی نەهێنیو

وزەی غەیبانەوە دێتو بە دەم هاژەهاژێکی بە زایەڵەوە
سەر بەرەو خوار ئەبێتەوەو ئینجا بە لووزەو ئەڕژێتە ناو
دڵو چاوی منەوەو منیش ئەوسا چیم بوێ ئەبم بەوە؟!
درەخت، باڵندە، پرشنگ، باران، کلووی
بەفر یان دەنکە تەرزە؟! چۆنم بوێ ئەبم بەوە. بە
پەپولە٤١

هەڵبژاردنی مەعشوقی نوێ لای شێرکۆ بێکەس، سەرەڕای ئەوەی کردەیەکی ڕۆحییە، لە هەمانکاتدا بنەمایەکی ژیریی تەواوەتی هەیە، واتە خۆی لەڕێگای بیریو هۆشمەندییەوە ئەو کارە ئەنجامدەدات. واتە یاخیبوون لە مەعشوقی پێشووی، وەك ئەرکێکی ژیریو بیری ئەنجامدەدات. دەکرێت ئەو عەشقەی شێرکۆ بێکەس بخەینە ئەو چوارچێوەیەی، کە شاعیر بە تەواوەتی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا تێکەڵدەبێت، چونکە «خۆشەویستی ڕاستەقینە دەبێت بە تەواوەتی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا یەکبگرێتو نابێت هیچ کەسو شتێکی تر لەم عەشقەدا بەشداربێت، ئەگەر کردەی خۆشەویستییەکەی بەو جۆرە نەبێت، ئەوا بێگومان عەشقەکە دەبێتە عەشقێکی درۆزنانە» ٤٢.

شێرکۆ بێکەس زۆر ڕاستگۆیانە لەگەڵ مەعشوقە نوێیەکەیدا ئاوێتەدەبێت، بە هەمان ئەندازەی پشتکردنە مەعشوقە کۆنەکەی. ئەم دابڕانە لەگەڵ مەعشوقدا لای شێرکۆ بێکەس بەجۆرێکە، هەموو کەس دەتوانێت هەستی پێبکاتو ببینێت، شاعیر ددان بەوەدا دەنێت، ئەو و نیشتیمان لە ڕۆحەوە لە یەکتری دابڕاونو هەرگیز بەیەکتر ناگەنەوە، ئەم هێزە ڕۆحییەی لای شاعیر هەیە بۆ پشتکردنە مەعشوق، هێزێکی جادوویی زۆر بەهێزەو پشت ئەستوورە بەو بیرکردنەوە ڕەخنەگرانەیەی شاعیر بەرامبەر بە نیشتیمان هەیەتی، دروستکردنی ئەمجۆرە دابڕانە تایبەتە، تەنها لە توانای شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس دایە، چونکە شاعیر بە هەموو شێوەیەك نەك خۆی لە نیشتیمان جیادەکاتەوەو دادەبڕێت، تەنانەت لە خودی خۆشی دادەبڕێت، «شێرکۆ بێکەس خۆشی لە دوا وتەی خۆیدا بۆ دەقەکەی دەڵێت: لەم دەقەدا ویستومە لە شێرکۆی جاران جیاببمەوە، ویستومە بچمە ناو ناخو دڵو دەروونی گەنجێکی وڵاتەکەمەوە» ٤٣.

لە ئێستەدا منو نیشتیمان لە یەکتری دابڕاوین
لە یەکتری جوێ بووینەتەوە. وەك دابڕانی دەربەندێ
لە چیایەك. وەك جیابوونەوەی نێوان شاخو داخێ
بە خەرەندی. لە ئێستادا منو نیشتیمان تەواو تەواو
لە یەکتری دابڕاوین. لە ڕۆحەوە دابڕاوین. لە لەشەوە
دوو کەرت بووینو بە یەکتری ناگەینەوە. بووین بە دوو
لای پردێکی ناو قەد داڕووخاو. من کەوتوومەتە
ناو دۆڵی بیرچوونەوەی ڕۆژمێرێکی ئەوەوەو ئەویش
بەو ئاسمانەوە تەکەی دێو هەر خۆی لەگەڵ خۆیدا
ئەدوێ ! ٤٤

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، شێرکۆ بێکەس زۆر ڕاستگۆیانە لەگەڵ هەستو ژیریو بیرکردنەوەکانی خۆیدا مامەڵەی کردووەو کردوونی بە دەقی ئەدەبیی باڵاو ناوازە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا دەکات مرۆڤ بەرەو جیهانێکی باشترو جوانتر بەرێت، کە ئەرکی سەرەکیی هەموو شاعیرێکی یاخی لە بارودۆخی باو ئەوەیە، کاربکات لەسەر گۆڕینی ئەو دۆخە

سەپاوەی مرۆڤ تووشی نائومێدیو بێزاری دەکات. کاری شێرکۆ بێکەس لە سەرەتای ئەزموونی شیعریداو بەدرێژایی چەند دەیەیەك لە نووسین، ئەوەیە نیشتیمانی داگیرکراوی ئازاد بێتو بیکاتە بەهەشت، لە هەوڵی بێوچاندایە لەپێناوی ئەوەی مرۆڤی کورد بەرەو ئەم بەهەشتە بەرێت، بەڵام کاتێك بارودۆخی نیشتیمان گۆڕانی بەسەردا دێت، نیشتیمان دەبێتە جۆرێك لە دۆزەخ، شاعیر لە گەڕان بەدوای بەهەشتی نوێدا ماندوو نابێتو دەیەوێت مرۆڤی کورد لەناو دڵی بەهەشتێکی نوێدا، کە (ڕۆزانا)یە، جێبکاتەوە. بە کورتی شێرکۆ بێکەس لەڕێی شیعرەکانییەوە، هەمیشە لەو جێگایە بووە، کە دەبێت مرۆڤی ئازادی لێبێت، ئەمەش تەنها لە توانای شاعیرێکی یاخی وەك شێرکۆ بێکەس دایە. «پیاوێکە دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا ھانبات بۆ بەهەشت، بەهەشتێك لێرەو لە ئێستادا لەسبەینێو دوو سبەی دونیادا، بەهەشتێك لەگەڵ مرۆڤەکانی ترو لەپاڵ عەشقو ئازادیو شیعردا، بەهەشتێك نا لە ئایدۆلۆژیایەكو لە ئایدۆلۆژیاکانەوە هاتبێت، بەڵکو لە باوەڕی ئینسانەوە بە مرۆڤو عەشقو ئازادیو بە دونیایەکی باشترو بە مێژوویەکی جوانترو ئینسانیترەوە هاتبێت. لە هەمووشی گرنگتر شێرکۆ بێکەس پیاوێك بوو ڕاستگۆ بوو لەگەڵ بیرکردنەوەو عەقڵو هەستکردنی خۆیدا. بێ شەرمکردن ئەوەی بە ڕاستی دەزانی دەینووسی، ئەوەی بە هەقی دەزانی بەرگریلێدەکردو چیشی بە شایانی هێرشکردنە سەر زانیبێت، هێرشی کردووەتە سەری، کەی بە پێویستی زانیبێت بچێتە سەر شەقامەکانو نارەزایی دەربڕێت چووە، کەیش باوەڕی وابووبێت پێویستە بەرگری لەم یان ئەو هێزی کۆمەڵایەتی بکات کردوویەتی. لەم ساڵانەی دواییدا ئەم پیاوە بە حەفتا ساڵ تەمەنەوە لەناو خۆپیشانەکاندا، لەناو نارەزایی دەربڕینەکاندا، لەناو کەمپینە جۆربەجۆرەکاندا ئامادەبوو»٤٥.

دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، شێرکۆ بێکەس لەو شاعیرانەیە، ناتوانێت بە بێ مەعشوق بنووسێت، تەنانەت ئەگەر عاشق نەبێت، ئەوا هەم خۆیو هەم شیعرو هەم جوانی، ونەکات، بۆئەوەی ئەمەش ڕوونەدات، لە هەموو قۆناغەکانی ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیدا، ئەو وەك شاعیرێکی عاشقو خاوەن تایبەتمەندێتیی خۆی دەردەکەوێت، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدا دەردەکەوێت، مامەڵەی لەگەڵ مەعشوقەکەی، بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی دەگۆڕێتو هەم مەعشوقەکەشی دەگۆڕێت، بەجۆرێك شاعیر لە ئەنجامی یاخیبوونو تووڕەبوونەوە، لە مەعشوقەکەی دادەبڕێتو بە دوای مەعشوقی نوێدا دەگەڕێت، بەتایبەتی لە بابەتی گواستنەوەی عەشقەکەی لە (نیشتیمان)ەوە بۆ (ڕۆزانا).

دەبێت ئەو ڕاستییە لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا لەبەرچاو بگرین، کە دوانەی (ژنو نیشتیمان) بوونێکی بەرچاویان لە ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرەدا هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕ بە شوێنەکانیان کراوەو ئەركو ناسنامەی جیاواز جیاوازیان پێبەخشراوە، دواجار هەردووکیان وەك دوو مەعشوقی تایبەت لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەس دا، دەمێننەوە. خاڵێکی تری گرنگ لێرەدا بوونی هەیەو پێویستە بەڕوونی لەسەری بوەستین، ئەویش ئەوەیە، شاعیر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) دا، بەتەواوەتی کردەی گۆڕینی مەعشوق ئەنجامدەدات، هەموو ئەو توانا شیعرییەی لەپێش ئەم دیوانەدا بۆ نیشتیمان تەرخانیکردبوو، دەیبەخشێتە (ڕۆزانا) وەك هێمایەك بۆ سەر لەنوێ گەنجبوونەوەو عاشقبوونەوەی نوێ. ئەو لەم ئاڵوگۆڕەدا دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە ناکرێت ساتەوەختێك لە ژیانی شاعیردا بوونی هەبێتو کار نەکات لەسەر جوانیی مەعشوقو گەیاندنی پەیامی نارەزایەتیی خۆی.

ئەو لەم کردەی گۆڕانەدا، تەنها لەسەر ئاڵوگۆڕێکی جەستەییو ڕۆحی لەنێوان دوو ڕەگەزدا وەك پێویست بوونی تەواوکاریی مرۆڤبوونی مرۆڤ ناوەستێت، بەڵکو لە ناوەخنیدا دەربڕینی هەستو بیرێکی یاخیانەی ڕوونە لەپێناو گۆڕانکاریدا، یاخود پەیامی نەوەی نوێو یاخیو نائومێدە لە نیشتیمان، کە دۆخی خراپی نیشتیمان بەو حاڵەوە نەك نابێتە بەهەشت، بەڵکو هۆکارە بۆ دروستکردنی دۆزەخو بەرهەمهێنانی، خنکاندنیو تێپەڕاندنیشی، تەنها لەڕێی یاخیبوونێکی قووڵەوە دەبێت.

## ئەنجام

توێژینەوەکە چەند ئەنجامێك دەستدەخات، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

١. لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، عەشق پەیوەندییەکی قووڵی بە ئازادیی ـبە واتا فراوانەکەیەوەـهەیە، ئەمجۆرە پەیوەندییەش لەدیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەدا ڕەنگیداوەتەوە.

٢. (ژن، عەشق) وەك دوو ڕەهەندی تەواوکەری یەکتری مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەجۆرێك شاعیر وەك دووانەیەکی یەکگرتووی پێکەوەگرێدراو ئەزموونیاندەکاتو دەیانخاتەڕوو، هەربۆیە لێکدانەوەی واتا شاراوەکانی یەکێکیان، پشت بە شیکردنەوەی چەمكو واتای ئەوی دیکەیان دەبەستێت، بەپێچەوانەشەوە نەبوون/ پەراوێزخستنی یەکێکیان، ڕاڤەکردنێکی ناکامڵ دەستدەخات.

٣. لە تێڕوانینو دونیابینیی شاعیردا، کردەی عەشق لەگەڵ ژندا تەنها کردەیەکی جەستەیی ڕووت نییە، بەڵکو گەڕانێکی هەمیشەیی بەردەوامە بەدوای بەها باڵاکاندا لەپێناوی بەرهەمهێنانو بەرجەستەکردنی هۆشیاریدا.

٤. شاعیر تا کاتی نووسینی دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، هەموو شتێك لەپێناوی نیشتماندا دەنووسێت، بەوەش نیشتمان چەقی تێکڕای بیرەکانی شاعیر پێکدەهێنێتو بەرجەستەیاندەکات، بەڵام دواتر لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا، شاعیر لەڕێی کردەیەکی تەواو ژیرانەوە مەعشوقە نوێیەکەی، کە (ژن)ە دیاریدەکاتو هەڵدەبژێرێت، بەوەش (ژن) دەبێتە جێگرەوەی (نیشتمان)و ئەو کەلێنە ڕۆحییە بۆ شاعیر پڕدەکاتەوە، کە لە ئەنجامی ڕقلێبوونەوە لە مەعشوقە کۆنەکەی (نیشتمانی جاران)ەوە، بۆی دروستدەبێت، ئەمەش ئەو ئەنجامە دەگەیەنێت، کە شاعیر هەرگیز لە عەشق نائومێد نابێت.

٥. شاعیر لەپای سەرنجدانو بیرکردنەوەی سایکۆلۆژییانەی قووڵەوە، لە تێڕوانینی باو بۆ ژن یاخیدەبێت، ئەمەش وادەکات چیتر خۆی وابەستەی ئەو پێوەرانە نەکات، کە پێشتر لە کۆمەڵگادا پەیوەست بە (ژن)ەوە ئاڕاستەدەکران.

## پەراوێزەکان:

١. مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (٢٠١٣: ١٦ـ١٧)

٢. جان نعوم گنوس، صوره الحب فی الشعر العربی الحدیپ (٢٠٠٩: ٨)

٣. بەختیار عەلی، ئێستا ژیان نیشتیمانە، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (٢٠١٣: ٣١)

٤. خوسە أورتغا ای غاسیت، ت: علی ابراهیم أشقر، دراسات فی الحب (٢٠١٣: ٢٦)

٥. بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو (٢٠١٧: ١٢٠ـ١٢١)

٦. مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (٢٠١٣: ١٧)

٧. ماری لومونییە و أود نسولان، ت: دینا مندور، الفلاسفە والحب (٢٠١٥: ٣١)

٨. علی حرب، الحب و الفناو (المرأە/ السکینە/ العداوە)، (٢٠١٤: ٢٢)

٩ مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (٢٠١٣: ١٧)

١٠. شێرکۆ بێکەس، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ (١٩٩٨: ٢٦٠ـ٢٦٢)

١١. سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٥

١٢. مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (٢٠١٣: ١٧)

١٣. شێرکۆ بێکەس، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ (١٩٩٨: ٨ـ٩)

١٤. فازیل کەریم ئەحمەدو ئەوانی تر، خەیاڵو ڕۆح (چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری کوردی)، مەهاباد قەرەداخی، تێڕوانینی

شـێرکۆ بێکـەس بـۆ (ژنو کۆمەڵگـە) لـە قۆناغـی باڵندەییـدا (٢٠٠٤: ٢٢٢)
١٥. شێرکۆ بێکەس، خۆمو ئەو وەختەی باڵندەم (٢٠٠٢: ١٧٣)
١٦. بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو (٢٠١٧: ١٢١)
١٧. شێرکۆ بێکەس، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ (١٩٩٨: ٨٨_٨٩)
١٨. بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو (٢٠١٧: ١٢٢)
١٩. فازیـل کەریـم ئەحمـەدو ئەوانـی تـر، خەیـاڵو ڕۆح (چەنـد تێڕوانینێـك بـۆ شـیعری کـوردی)، مەهابـاد قەرەداخـی، تێڕوانینـی شـێرکۆ بێکـەس بـۆ (ژنو کۆمەڵگـە) لـە قۆناغـی باڵندەییـدا (٢٠٠٤: ٢٢٢)
٢٠. شێرکۆ بێکەس، خۆمو ئەو وەختەی باڵندەم (٢٠٠٢: ١٧٨)
٢١. أحمد عبدالستار الجواری، الحب العزری (نشأته و تگوره)، (٢٠٠٦: ٤٠)
٢٢. شێرکۆ بێکەس، زێو زنە، (٢٠٠٨: ١٧٥_١٧٦)
٢٣. شێرکۆ بێکەس، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٣، ٤)، (١٩٩٧: ٤٦_٤٧)
٢٤. بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو (٢٠١٧: ٧٢)
٢٥. هیوا قادر، چیتر نیشتیمان تاکە خودای تۆ نییە، وتار، لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتیمانمە (٢٠١١: ٢٠٣)
٢٦. شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە (٢٠١١: ٢٧٩_٢٨٠)
٢٧. سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٠_٢٨١
٢٨. بەختیار عەلی، شێرکۆو یاخیبوون لە نیشتمان، وتار، لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمە (٢٠١١: ٢٩٠)
٢٩. ئازاد بەرزنجی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٦
٣٠. مەریوان وریا قانع، ئەخلاقو بەرگری (٢٠١٧: ٢٠٤)
٣١. مەبەست لە خۆپیشاندانەکانی (١٧)ی شوباتی ساڵی (٢٠١١)یە.
٣٢. شێرکۆ بێکەس، چاوپێکەوتن، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٧)، (٢٠١٤: ٢٣)
٣٣. سەرچاوەی پێشوو، ٢٤_٢٥
٣٤. شێرکۆ بێکەس، دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمە (٢٠١١: ٦٦_٦٧)
٣٥. بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو (٢٠١٧: ١٢٠)
٣٦. سەرچاوەی پێشوو، ١٢١_١٢٢
٣٧. ڕۆژانـا، ئـەو کچـە گەنجەیـە، کـە شـێرکۆ بێکـەس لـە دیوانـی (ئێسـتا کچێـك نیشـتمانمە) دا دەیکاتـە جێگـرەوەی نیشـتیمان وەك مەعشـوق لەڕێیـەوە عەشـقی خـۆی جارێکـی تـر دادەڕێژێتـەوە.
٣٨. شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە (٢٠١١: ٢٥٤)
٣٩. سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٠_٢٦١
٤٠. شـاهۆ سـەعید، جیهـان لـە ماچێکـدا (٢٠٠٧: ٣٢)، وتـار لـە کتێبـی شـێرکۆ بێکـەس، تـۆ دەتوانیـت بـە قومـێ مـاچ بمخەیتـە هەڵقولێـن، شـیعرو پەخشـان
٤١. شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە (٢٠١١: ٢٦٢_ ٢٦٣)
٤٢. سعید السریحی، العشق والجنون (٢٠١٥: ١٢٠)
٤٣. زاهیـر لەتیـف کەریـمو نیـان نەوشـیروان مەسـتی، میتا_واتـا (ئێسـتا کچێـك نیشـتمانمە) بـە نموونـە، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە (٢٢٣)، (٢٠١٥: ٦٨)

٤٤. شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە (٢٠١١: ٢٧٢)

٤٥. مەریوان وریا قانع، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، (٢٠١٣: ١٨)

## سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی:

ا- کتێب:


١. بەختیار عەلی (٢٠١٧)، نەرسیسی کوژراو، ناوەندی ڕۆشنبیرییو هونەریی ئەندێشە، سلێمانی.

٢. شێرکۆ بێکەس، تۆ دەتوانیت بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقولین، شیعرو پەخشان، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی کورتی شاهۆ سەعید (٢٠٠٧)، جیهان لە ماچێکدا، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣. فازیل کەریم ئەحمەدو ئەوانی تر (٢٠٠٤)، خەیاڵو ڕۆح (چەند تێروانینێك بۆ شیعری کوردی)، مەهاباد قەرەداخی، تێروانینی شێرکۆ بێکەس بۆ (ژنو کۆمەڵگە) لە قۆناغی باڵندەییدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤. مەریوان وریا قانع (٢٠١٧)، ئەخلاقو بەرگری (سەرەتایەك بۆ ناسینی کارەکانی میشێل فوکۆ)، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیرییو هونەریی ئەندێشە، سلێمانی.


ب. دیوان:


٥. شێرکۆ بێکەس (١٩٩٨)، خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ، چاپی دووەم، چاپەمەنی خاك، سلێمانی.

٦. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٢)، خۆمو ئەو وەختەی باڵندەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٧. شێرکۆ بێکەس (٢٠٠٨) زێو زنە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٨. شێرکۆ بێکەس (٢٠١١) دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمە، بەختیار عەلی، شێرکۆو یاخیبوون لە نیشتیمان، وتار، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩. شێرکۆ بێکەس (٢٠١١)، ئێستا کچێك نیشتمانمە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٠. شێرکۆ بێکەس (٢٠١١) دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمە، هیوا قادر، چیتر نیشتیمان تاکە خودای تۆ نییە، لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتیمانە، وتار، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.


پ. گۆڤار:


١١. بەختیار عەلی (ب.م)، ئێستا ژیان نیشتیمانە، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢. زاهیر لەتیف کەریمو نیان نەوشیروان مەستی (٢٠١٥)، میتا_واتا (ئێستا کچێك نیشتمانمە) بە نموونە، ڕامان، ژمارە (٢٢٣)، هەولێر.

١٣. شێرکۆ بێکەس (١٩٩٧)، شیعری دۆنادۆن، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٣، ٤).

١٤. میران ئابراهام (٢٠١٤)، شێرکۆ بێکەس لە دەرەوەی سنوری کوردستان، چاوپێکەوتن، گۆڤاری ئەدەبی سەردەم، ژمارە (٧)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

١٥. مەریوان وریا قانع (ب.م)، شێرکۆ بێکەسو کوردبوون، ڕۆڤار، ژمارە (٧٦)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.


ت. دیدارو چاوپێکەوتن:


١٦. ئازاد بەرزنجی، نووسەرو وەرگێڕ، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٦


به زمانی عەرەبی:


١٧. أحمد عبدالستار الجواري (٢٠٠٦)، الحب العذري (نشأته و تطوره)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة

الأولى، دار الفــارس للنــشر والتوزيــع، أردن.
.١٨ جان نعوم طنوس (٢٠٠٩)، صورة الحب في الشعر العربي الحديث، الطبعة الأولى، دار المنهل اللبناني، بيروت.
.١٩ خوسـه أورتغـا اي غاسـيت (٢٠١٣)، دراسـات في الحـب، ت: عـلي ابراهيـم أشـقر، منشـورات وزارة الثقافـة، الهيئـة العامـة السـورية للكتـاب، مكتبـة الأسـد، دمشـق.
.٢٠ سعيد السريحي (٢٠١٥)، العشق والجنون ، دار التنوير للطباعة و النشر، لبنان.
.٢١ عـلي حـرب (٢٠١٤)، الحـب و الفنـاء (المرأة/السـكينة/ العـداوة)، الطبعـة الثالثـة، الـدار العربيـة للعلـوم نـاشرون، بـيروت، لبنـان.
.٢٢ مـارى لومونييـه، أود نسـولان (٢٠١٥)، الفلاسـفة والحـب، ت: دينـا منـدور، الطبعـة الأولى، دار التنويـر للطباعـة و النـشر، مـصر.

## ملخص البحث

هـذا البحـث المعنـون «تغيير صـورة المعشـوق مـن الوطـن الي المـرأة» في ديـوان «فتـاة هـي الان موطنـي» لي (شـيركو بيكـەس). عمـل عـلي ظاهـرة بـارزة و خاصـة في التجربـة الشـعرية للشـاعر التـي هـي عبـارة عـن الصلـة العميقـة و المتينـة الموجـودة بـين العشـق و الحريـة و المـرأة و الوطـن، في هـذا البحـث حـاول الباحـث بشـكل عـام أن يعمـل عـلي التجربـة الشـعرية للشـاعر حـول العشـق، و كذلـك يعمـل عـلي بيـان نظرتـه للمـرأة و الوطـن قبـل كتابـة هـذا الديـوان. عمـل الباحـث عـلي اظهـار كيفيـة تحويـل أو تغيـير المعشـوق مـن الوطـن الي المـرأة عنـد الشـاعر، و كيفيـة تعامـل شـيركو بيكـەس مـع المعشـوق الجديـد: المـرأة.

الشـاعر في ديوانـه «فتـاة هـي الان موطنـي» يبحـث عـن عـالم جديـد لمعشـوقته ملـؤه الجـمال و لا يشـعر بخيبـة الأمـل بسـبب معشـوقته الجديـدة. هـذا العمـل عنـد الشـاعر اي تغير صـورة معشـوقته، فعـل واع و مـن أجـل خلـق وعـي خـاص. الشـعر والعشـق في تجربـة الشـاعر يتعلـق بحريـة الانسـان. في مجمـل هـذا الديـوان يظهـر الشـاعر كمتمـرد و يريـد أن يتنحـي عـن النظـرة المعتـادة للوطـن و العشـق و المـرأة. حـاول الباحـث الكشـف عـن هـذه الأبعـاد و توضيحهـا

## Abstract

The present study aims at investigating the «changeable image of lover from country to a woman in Sherko Bekas›s volume of «now a girl is my country» in order to describe a well known as well as specific element in the experience of Bekas›s poetry in terms of the relationship between love, freedom, woman and country. Generally, the researcher attempts to explore the theme of love in poet›s poetry and how the poet perceives the role of woman and country in the volume. The researcher focuses on how the poet breaks with his lover which was a country to a new one who is a woman and how he behaves with this woman as a new lover. Sherko Bekas in the volume of «now a girl is my country» seeks for a new beautiful world for his new lover where she will never be disappointed. Breaking up with his lover is a wise step the poet took as he believes that love is the main theme of poetry because in poet›s experience love is tidily connected with freedom and human being. In this study, we intend to make a detailed and comprehensive description of how the poet manifests himself as a rebellion and how who wants to change the common views of love, country and woman to a new view as it is characterized in the volume.